# کۆڕی کوردەواری

کۆمەڵە هۆنراوەو هەڵوێستێکی شاعیرو ناودارانی
کوردە

**ئامادەکردنی**

**ڕێبوار عەلی(چەلەبی)**

سلێمانی

ساڵی (٢٠٢٢)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سەرنامەی نامە، نامی ئەڵڵا
بێ نامێ تە، نا تەمامە وەڵڵا
بێ نەقشی تە، نەقشی خامە، خامە
بێ نامێ تە، نا تەمامە، نامە

(ئەحمەدی خانی)

ئەی ناوی تۆ باشترینی ناوان
بۆ سەرەتاو کۆتایی و بۆ نێوان
بۆیە بە ناوت پێ ئەکەم دەست
چون بێ ئەمە، ناگەین بە مەبەست

(ئەحمەدی موفتی زادە)

## پێشەکی:

**خوێنەری بەرێز :**

**ئەم بەرهەمەی بەردەستت ، رەنجی چەندساڵەیە ، لە خزمەتی دیوانی شاعیر و ژیاننامەی ناودارانی گەلەکەمان ، بەراستی دانایی و زانایی و هۆشیاریی و توانای عەقڵ وسەلیقە و ئەفسونی ووشەم تیاندا بینی .**

**وەك گوتراوە:**

**لە شیعری شاعیراندا دانایی هەیە ، هەندێك دەربڕینی ئەدەبی وەهاش هەیە، ئەفسون وجادوو لە مرۆڤ دەکەن .**

**زۆرجار لە کۆڕ و کۆبوونەوەی کوردەواریماندا ئاگاداردەبووم، ووتە و سەرگوزوشتە و شیعری شاعیرانی (عەرەبی و فارسی و تورکی ) زۆر بەکار دەهات و باسی شاعیر و کەسایەتی کورد کەم بوو ، بۆیە بڕیارمدا ئەم دیوانە کوردییە خۆکردییە ،**

**کەوەك گەوهەری بەنرخن ئامادەی بکەم .**

**بەهەموو قۆناغەکانی شیعری کوردیدا گەڕاوم ، لە (کلاسیك ، رۆمانتیك ، ریالیزم )، تاوەکو شیعری ئازاد ، هەر گەوهەرێك لای هەر شاعیریك بە جوانم زانیبێت خواستومە . وەکو هەنگ هەر گوڵێکی سەرنج راکێش، لە دیوانی هە ر هۆزانڤانێکدا بووبێت ،سەر بە شێوەزارەکانی ( کرمانجی ناوەڕاست ،کرمانجی ژووروو،گۆران ، لور) کۆم کردۆتەوە و لەم**

دیوانی کوردەوارییەدا، بۆ هەڤبێژانم ئامادەکردووە و بەسەر دە بەشی جیاوازدا  دابەشم کردوون.

بەو هیوایەی هەموومان ئاوێزانی کلتور و ئەدەبی میللەتەکەی خۆمان بین و لە کاتی پێوستدا، بۆ نوسین و گوتاردان سودیان لێوەربگرین .

لە کۆتایدا سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی  هەریەك لە بەڕێزان:
(ئەندازیار خالید نەریم و پارێزەر دارا ڕەشید)دەکەم،  کە ئەرکی چاپکردنی کتێبەکەیان گرتە ئەستۆ، هەروەها(کاك زمناکۆ سابیر) کە کاری هونەری

بە رهەمەکەی جێبەجێکرد ، خودای گەورە پشت و پەنای هەموانبێت .

**ڕێبوار عەلی -  ٢٠١٦/٢/١٧**

# بەشی یەکەم :

# ئاینپەروەریی

هەواڵنامەی کتێب

(بێخود)ی شاعیر

# بانگخوازێکی سەردەمیانەبوو

مامۆستا مەلا شێخ (محمدی کوڕی مامۆستا شێخ ڕەسوڵی) مامۆستای مزگەوتی جامیعەی هەڵەبجە. ساڵی (١٩٩٤) لەسلێمانی بۆی گێڕاومەوە[١] فەرمووی:

بێخودی شاعیرە گەورەی کورد زۆر هاوەڵو هاوڕێی گیانی بە گیانی باوکو بوو، من منداڵ بووم، جارێك لەگەڵ باوکمدا هاتین بۆ سلێمانیو چوینە مزگەوتی (موفتی) بۆ دیداری بێخود، بینیمان بێخود لەحوجرەکەیدا سەرقاڵی قسەکردنو گفتوگۆیە لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفەندیدا قسەیان دەکردو پێدەکەنین.

کە هاتنە دەرەوە بۆنی جگەرەیان لێ دەهات کە ڕۆیشتنو مزگەوتیان بەجێ هێشت، بێخود زۆر بەڕێزەوە بەڕێی کردن.

باوکم لێی پرسی: (مەلا مەحمود - بێخود) ئەمانە کێبوون. چییان دەکرد لای تۆ؟

(بێخود) بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوەو فەرمووی: ئەمانە پیاو ماقوڵو خوێنەوارانی ئەم شارەن، باسی شیعرو ئەدەبو قسەی خۆشمان دەکرد..

منو باوکم سەرمان سوڕما بوو، کە چۆن بێخود هاوڕێی وای هەیەو لەناو مزگەوتدا لەگەڵیان کۆدەبێتەوە.

---

(١) مەبەست نوسەری ئەم کتێبەیە.

رۆژان هاتو رۆیشت، رۆژێك بێخودو دوو ئەفەندی هاتن بۆ هەڵەبجە بۆ سەردانمان، هاتنە مزگەوت لەنوێژ دواکەوتبوون.

هەرسێکیان دەستنوێژیان گرتو یەکێك لە ئەفەندییەکان بانگی داو یەکێکی تریان قامەتی کردو (بێخود)یش پێشنوێژی بۆ کردن.

دوایی بێخود وتی: ئەمانە دووان لەو کەسانەبوون کە لەسلێمانی لەحوجرەکەمدا بوونو ئێوە سەرتان سوڕمابوو، ئەوەتا خوا هیدایەتی داونو لەگەڵمدا نوێژ دەکەنو هاتووین بۆ دیدەنی ئێوە.

مامۆستا شێخ (محەمەد) فەرمووی (بێخود) بەرەحمەت بێت زۆر منی خۆش دەویست، تەنانەت بە چوارینەیەکیش لەدیوانەکەیدا رۆژی لەدایکبوونی من نووسیوە. کە دەفەرموێت:

سیّد نەسەبێ لە نەسلی زەهرای بە توول
یەعنی نەتەوەی عەلی، فوحوولی ئیبنی فوحوول
بۆ ساڵێ ویلادەتی ئەو ئارامی دڵە
(بێخود) وتی: شیخ محمد أولاد رسول[٢]

لێرەدەدا بۆمان دەردەکەوێت (بێخود) سەرەڕای ئەوەی شاعێرێکی گەورەی رێبازی کلاسیکی کوردیی و شۆڕەسوارێکی ئەو مەیدانەبووە ، مەلاو بانگخوازێکی سەردەمیانەبووە، تێکەڵاوی خوێندەوارانی شارەکەی کردووە رێنمایی کردوون ، لە رەفتارو کرداری نامۆیان نیگەران نەبووەو، لێیان بێ هیوا نەبووە، تاوەکو

(٢) برِوانة (ديوانى بيَخود) لاثةرِة (١٤٦) ضاثى بغداد/ ١٩٧٠. (زةهراى بةتول مةبةستى فاتيمةى كضى ثيغةمبةرة)

**خـــوای گـــەورە هیدایـــەتی داوون و هاتوونەتـــە ســـەر ڕێبـــازی خوداپەرستی.**

**ئەمەش بەدەمەوە چوونی ئایەتی:**

**﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾**[٣]

**هـەروەها فـەرموودەی پێغەمبـەر (ρ)، کـە وەسـفی ئـەو کەسـانە دەکات کە دەچنە ناو خەڵکی و ئازارمیان لەسەر دەگرن بـە مەبەسـتی هیدایەت و ڕێنمایی کردنیان، کەدەفەرموێت :**

**{خیر مؤمن ، من یخالگ الناس و یصبر علی أژاهوم}**[٤].

هەواڵنامەی کتێب

## بێخود خەمی ڕێگەی قیامەتیەتی و دوا شیعری ژیانی!(٢٨)

---

(٣) ئایەتی (٣٣) سورەتی (فصلت).

(٤) فەرموددەکە له **(ریاض الصالحین) دایه** .

(٢٨) دیوانی بێخود کۆکردنەوەی (محمدی مەلا کەریم) چاپی یەکەم / ١٩٧٠- لاپەڕە (١٥٠).

بێخود شیعری شیوەنی بۆ زۆر لەدۆستو خۆشەویستانی پێش خۆی نوسیوە، ئەم چوارینەیەش دوا چۆڕی شیعریەتی کە بۆ خۆی نووسیوە، شەوەکەی ئەم شیعرەی نووسیوەو بۆ دوا نیوەڕۆی، ڕۆژی (١٩٥٥/٨/٢٥) کۆچی دوایی کردووە.

(بێخود) شەوەکەی هەتا بڵێی تاریکە
ڕێگەش بەخودا درێژو زۆر باریکە
کاروان هەموو باری کردو ڕۆیشتن
خۆت گورج کەوە ، ڕۆینت نێزیکە[٢٩]

هەواڵنامەی کتێب

خێزانی خواپەرست، منداڵی خواپەرست بەرهەم دەهێنێت، شێخ مارفی (نۆدێی) وەك نمونە.

---

(٢٩) دیوانی (بێخود) لا (٨٢)

(ئیبراهیم پاشای بابان) کاتێك ساڵی (١٧٨٤ز) شاری سلێمانی دروست کردو مزگەوتی گەورەی تیادا بنیادنرا، (شێخ مارفی نۆدێی) لە قەلاچوالانەوە هاتە سلێمانیو بوو بە مامۆستای مزگەوتی گەورە، کە (برایم پاشا) دروستی کرد، بگرە بوو بە یەکەم پیاوی ئایینی لەسلێمانیداو بە (مرجع) بۆ هەموو کاروبارێکی ئاینی[٥].

مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) دەڵێت: شێخ مارفو هاوسەرەکەی تەمەنیان سەردەکەوێتو بەڵام منداڵیان نەبوو، هاوسەرەکەی رۆژێ پێی دەڵێ: پیاوەکە دۆعایەکیش بۆ خۆمان بکە، بەڵکو خوا منداڵێکمان بداتێ..

دیارە شێخ مارف دڵی نەرم دەبێتو لەخزمەت خوادا نیازی دڵی خۆی دەخاتەڕوو.

شەوێك لەخەودا هاوسەری بەڕێزی بە خزمەتی پێغەمبەر (ρ) دەگاتو پێغەمبەری خواش گەوهەرێکی سپی جوانی ئەداتێو پێی دەفەرمووێت:

(ئەمە دیارییەکە لەباپیرتەوە بۆ کوڕێکی پیرۆزو ناونا کاك ئەحمەد).

دیارە منداڵەکە لەدایك دەبێتو لەبەرەکەتی خەوەکە هەر بەناوی کاك ئەحمەدەوە ناوی دەنێت کە لەوەو دوا بە (کاك ئەحمەدی شێخ) ناو دەردەکراو زانایەکی گەورەو بانگخوازێکی مەزنی لەکوردستان لێ دەردەچێت.[٦]

---

(٥) جةمال بابان (سليَمانى شارة طةشاوةكةم) سالَى (١٩٩٣).
(٦) مةلا عةبدولكةريمى مودةريس (بنةمالَةى زانياران) لاثةرة (٣٤٥)

ئەمەیـە بەرهـەمی خێزانـی خـوا پەرسـتو ئـەوەش مـژدەی خـەو بینینی پێغەمبەر، کە لەفەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتووە: {مـن رئـان فى المنام فقد رئانی حقا، فإن شیگان لا یتمپل بی}[٧]

بەڵێ ساوای بەڕێز، لەلێوی پڕ خەندانی دایکی پارێزکارو دەست بە دەستنوێژو ناوی خوداو پێغەمبەری هەمیشە لەسەردەمدا، فێری شنەو گڕو گاڵ بوو، لەنوری ناوچەوانی پیرۆزی باوکیەوە چاوەگەشەکانی کردەوەو، بەناو پیرۆزی خوداو دەنگو سەدای دەورکردنی قورئان گوێی ئاودراو کرایەوە.

ئا لەو خانەو ئالەو کەشو هەوایەدا، کۆرپە گەشەی کرد تاوای لێهات هاودەمو هاونشینی قورئانی پیرۆز بێتو ببێت بە یەکێك لەپیاوە گەورەکانی سەردەمی خۆی.[٨]

## ئاگادار بە شەیتان لەخشتەت نەبات!!

---

(٧) ئەم فەرموودەیە (ئیمامی بوخاری) ریوایەتی کردووە بڕوانە (**ریاض الصالحین**)

(٨) ئەندازیار عوسمان محەمەد رەشید (کاك ئەحمەدی شێخ لەڕوانطەی ئەیامەکانیەوە) لاپەڕە (١٤).

## مەولەوی شاعیر ئامۆژگاری (کاک ئەحمەدی شێخ) دەکات

سەید (ئەحمەدی شێخ عەبدول رەحمانی عازەبانی) دەگێڕێتەوە، رۆژێکیان (مەولەوی تاوەگۆزی ) دەچێت بۆ شاری (سلێمانی) بۆ زیارەتی (کاك ئەحمەدی شێخ) پاش نوێژی عەسر بە خزمەتی کاك ئەحمەد دەگات.

(کاك ئەحمەد)یش زۆر رێزی لێدەگرێتو پێی دەفەرموێت: مەلەوی حەزدەکەم ئامۆژگاریەکم بکە. مەولەوی بێ دەنگ دەبێت، (کاك ئەحمەد) داواکەی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام مەولەوی هەر دەنگ ناکات، (کاك ئەحمەدی شێخ) بۆ جاری سێهەم داواکەی تازە دەکاتەوە!!

مەولەوی ئەمجارە دەڵێت: یا شێخ ئامۆژگاری یان فەرمان بە چاکەیە، یان بەرگری لەخراپەیە.

جاری یەکەم ورد بوومەوە واجبێكو سوونەتێکم نەدی تۆ نەیکەیت تا پێت بڵێم بیکە.

جاری دووهەمیش وورد بوومەوە حەرامێكو مەکروهێکم نەدی تۆ بیکەیت، تا پێت بڵێم مەیکە.

ئەمجارەش پێت دەڵێم: دیارە شەیتان زۆر دڵگرانە لێت، دەخیلتم ئاگات لە نەفسی خۆت بێت ، شەیتان تەفرەت نەداتو تووشی خراپەیەکت نەکات.

(کاك ئەحمەدی شێخ) ئەم وڵامەی (مەولەوی) زۆر کاری تێدەکاتو، دەست دەکات بە گریان، ئەندازەیەکی باش فرمێسك بەخور دەڕێژێت.[٩]

ئەمەیە ئامۆژگاری کەسی ئیمانداروو ئەوەشە ئاکارو هەڵوێستی بەندەی ڕاستەقینە.من خۆم لەباپیرەم (حاجی ئەحمەد چەلەبی ) م بیستووە، کاك ئەحمەدی شێخ جارێك لەمزگەوتی گەورە وتاری هەینی داوە، خەڵکێی زۆر چاوەڕوانی وتارەکەی بوون، ئەویش دوای بانگەکە کەمێك وەستاوە بۆ ئەوەی نەفسی خۆی بشکێنێت، مۆڵەتی لەخەڵکەکە وەرگرتووە وچووەتە لای حەوزی دەستنوێژگرتنەکەو کەمێك خۆی خەریك کردووەو دوایی گەڕاوەتەوەو پاشان دەستی کردووە بە وتاردان .

## دوا ووتەی ژیانت با (لا إله إلا اللّه) بێت

مەلا ئیسماعیلی گەزنەیی، کۆتایی باشی لەکاتی مردندا بە نەسیب دەبێت؟

---

(٩) (دیوانی مەولەوی) کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لاثەرِة (ك) ضاثی يەكەم.

(مەلا نامیقی گەزنەیی) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: یەکێك لەو کەسانەی کە خوای گەورە بە- لووتفو مەرحەمەتی- خۆی ڕێزی لێنابوو مامۆستای باوکم بوو، ناوی تەواوی (مەلا ئیسماعیلی کوڕی عەبدوالڵەی کوڕی مستەفای گەزنەیی)یە چەند ساڵێك پێش وەفاتی گوتم: ئەی کوڕەکەم خوێندنت تەواو بکە تاوەکو دەبیتە یەکێك لەئەهلی زانستو زانیاری.

لەپاشان وەسێتی کرد هەموو کتێبەکانی لەلای من بمێننەوە.

جاروبار لەخزمەت باوکمدا یا دو زیکری خوامان دەکرد، بە منیشی دەگووت: بابە زیکرو یادی خودا بکە.

لەوەڵامدا دەیگوت: من هەرگیز خوام لەیاد نەکردووە تاوەکو بیری خۆمی بهێنمەوە.

دواساتی ژیانی بوو، هەناسەکانی کۆتایی دەداو هەر (لا إله إلا الله)ی دەگوت.

پاشان پەنجەی شایەتومانی بەرز دەکردەوەو گوتی: {أشهدو أن لا إله الله وأشهدو أن محمداً رسول الله} و گیانی دەرچوو.

یەکێك لەبرادەرەکانی باوکم بۆی گێڕامەوە، لەشەوی وەفاتی باوکمدا، ئەو نەیزانیبوو باوکم مردووە گوتی:

لەخەونمدا بینیم فریشتەکان ئاسمانیان دەڕازاندەوە، منیش پێم گوتن: لەبەرچی ئاسمان دەڕازێننەوە!!

پێیان گوتم: ئەی نازانی پاش کەمێکی تر پێشوازی لە (مەلا ئیسماعیل) دەکەین؟؟.

پاشان بە ئاگا هاتم ، خەبەریان بۆ هێنام (مەلا ئیسماعیلی گەزنەیی) وەفاتی کردووە.

منیش سەرم سوڕما! گوتم: ئەوە بۆ بەهەشتە إن شاواللە.[10]

﴿يَاأَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ★ ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَرْضِيَّةً ★ فَادْخُلِي فِي عِبَادِي ★ وَادْخُلِي جَنَّتِي﴾[11].

هەواڵنامەی کتێب

## هەنگاوێك لەنەفسی خۆت دوور بکەوەرەوە

(١٠) سەید ئەکرەم جەبار ئیبراهیم کەتڕانی (مێرطەی خواناسان لەکۆتایی ساتەکانی ژیانء دوا هەناسەدان) لاپەڕە (١٨٣).

(١١) سورەتی (الفجر) ئایەتی (٢٧-٣٠).

پیاوێـك لەخۆشەویستی وانـە وهەڵقـەزیكرەكانی خوانـاس‌و زاهیـدی گەورە (ئەبو علی دەقاق)، چەند شارێكی بـڕی‌و هاتـە خزمـەتی، تـاوەكو بـە تامەزرۆییـەوە لـە فەرمایشـت‌و لەیادەوەریـەكانی بەهرەمەنـد بێـت، لـەڕووی نـازەوە بـە شـێخی فـەرموو: ڕێگایـەكی دوورم بڕیـوە، تـاوەكو هاتوومەتە خزمەت تۆ.

مەبەسـتی ئـەوەبوو ڕێگـەی دووری بڕیـوە تـا بێتـە قوتـابی‌و لێـوەی نزیك بێت.

ئەویش لەوەڵامدا بە كابرای فەرموو:

برام ئەم كـارەی ئێمـە بـە بڕینـی ڕێگـای دوور نیـە، یـەك هـەنگاو لـە نـەفس‌و ئارەزوەكانـت دوور بكـەرەوە، ئـەوت دەسـتگیر دەبێـت، كـە بـۆی هاتوویت.[١٢]

## ئاگاداری (نەفسی) خۆتبە تەفرەت نەدات!

خواناسی گەورە (فـوزەیلی كوڕی عـەیاز) دەربـارەی نـەفس‌و شـەیتان دەڵێت:

هەردەم شەیتان سێ تەڵەو داو بـۆ ئـادەمیزاد دادەنێـت، كـە تێكـەوت شتی تری لێ ناوێت‌و دەستبەرداری دەبێـت، چـی دەكـات بیكـات، ئـەوەش ئەمانەیە :

---

(١٢) محمد أحمد الراشيد (العوائق)ص. ٤٦.

**یەکەم:** سەرسامبێت بە خودی خۆی (نەفسی خۆی).

**دووەم:** کردارو کردەوەکانی خۆی، بە زۆر بزانێت، کە لەڕابردوودا ئەنجامی داون.

**سێیەم:** گوناهو تاوانەکانی خۆی لەبیر بکات.[٢٧]

هەر لەبەر ئەمە بوو، کاتێك (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) فەرمانڕەو (والی)یەکی لەسەر شارێك دادەنا، نامەیەکی تایبەتی بۆ دەنووسیو ئامۆژگاری دەکردو تیایدا ئەم ووتەیەی دەکردە شارستەی نامەکەیو بنەمای کارگێڕی فەرمانڕەواکە، کە دەینوسی:

لەپێش هەمووشتێکەوە ئاگاداری نەفسی خۆت بە! کۆنترۆڵکردنی ئەوت لەلا لەهەمووشتێکی تر گرنگتر بێت.

چونکەتاوانی کەم نیەو مارێکی نووستووەو لەناکاو پێتەوە دەدات.[٢٩]

## (عیشقی خودا)

## خۆشەویستی خودا چییە؟

زانای گەورە (ئیبن قەیمی جەوزی) لەکتێبە بەناوبانگو گرنگەکەیدا (مدارج السكاین)دا ئەم بابەتە باس دەکات.

لەشاری مەککە زانایانو عاریفان کۆببوونەوە باسی (عشقی خودایيان) دەکرد.

هەر زانایەو بە جۆرێك باسیو پێناسەی دەکرد، بەڵام لەناویاند گەنجێکی تێدا بوو، بە تامەزرۆییەوە گوێی لەووتەی زاناکان گرتبوو.

---

(٢٧) (هەمان سەرضاوەی ثێشوو) لاثەرة (٥٠).

(٢٩) (٣٢) کتێبی (العوائق) محمد احمد الراشد ص. ٥٦..

بۆیە سەرنجی یەکێك لەزاناکانی ڕاکێشاو ڕووی کردە گەنجەکەو وتی:

ئەی لاو، هۆ گەنجۆ ! تۆ دەربارەی ئەم بابەتە چی دەڵێیت؟

ئەوکەسەش (جونەیدی بەغدادی) بوو! لەو کاتەدا سەری لەقاندوو فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە و بەهێمنییەکەوە گوتی:

عاشقی خودا کەسێکە، لەبەندەگی خودادا وازی لەنەفسی خۆی هێناوە، هەمیشە پەیوەستە بە یادو زیکری خوداوە، هەموو ئەرکەکانی خودای بە جوانی ئەنجامداوە، هەردەم بە چاوی دڵ سەیری خودای خۆی دەکاتو نیگای لەهەموو جوانێکی تر وەرگێڕاوە.

بەناوی خوداوە دەست پێ دەکاتو لەبارەی خوداوە قسە دەکاتو بەڕێنمایی خودا جوڵە دەکات ، کە کاتێك ئارامیش دەگرێت لەگەڵ خودای خۆی دەچێتە ژوانەوە.

ئەو بەندەیە هەمیشە بە خوداو بۆ خودا لەگەڵ خودادایە.[1]

## سەلاحەدینی ئەیوبی‌یە :

## خودا بۆ کارێکی مەزن هەڵیگرتووم!

یوسفی کوڕی ئەیوبی کوڕی شادی، کە نازناوەکەی (سەلاحەدینی ئەیوبی‌یە) کاتی خۆی پێشەوای موسڵمانان لەئازایەتیدا پێی بەخشیوەو دواتر جێگەی ناوەکەی گرتۆتەوە.

مامی ناوی (شێرکۆ) یە، مێژوونووسان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە باوكو کەسو کاری (سەلاحەدین) لە (دوین)ەوە هاتوون، کە شارێکە

---

[1] محمد أحمد الراشيد (العوائق)ص. ٤٦.

لەدوا ناوچە لەناوچەکانی (ئەزربێجان) لەلای ئەڕڕانە، ئەوان کوری ڕەوا دین، ڕەوادیش تیرەیەکە لە (هەزبانی) کە ئەوانیش هۆزێکی گەورەی کوردانن.

ئیبن خەلەکانی دەڵێت: مەلایەکی شارەزای خەڵکی (دوین) پێی گوتم:

لەبەر دەرگی شاری (دوین) گوندێك هەیە پێی دەڵێن: (ئەجدا نقان) دانیشتوانی هەموو کوردی رەوادین، (ئەیوبی) باوکی (سەلاحەدین) لەو گوندە هاتۆتە دونیاوە.

مێژوونووسان دەڵێت: سەلاحەدینی ئەیوبی لەشەوێکدا لەدایك بووە، کە خێزانەکەیان لەترسی کوشتاری بنەماڵەی (بەهرۆزی) سپا سالاری شاری بەغدا هەڵدەهاتن، شەوێکی زۆر قورسو گرانو ترسناك بوو، لەو شەوەدا ژنەکەی (ئەیوب) ژان دەیگرێتو منداڵەکەی لەدایك دەبێت، ئەوان بە چاوی خێر سەیری ناکەنو بە تەمای ژیانی نابن،هەڵی دەگرن ولە ناو شتومەکانیان دەیشارنەوە ، نەوەك لەرێگەدا دەنگی بێت و ئاشکرایان بکات، بەڵام خوای گەورە دەیپارێزێتو دەبێتە سەرکردەی گەورەی موسڵمانان لەدژی سەلیبیەکان.[١٣]

سەلاحەدینی ئەیوبی حۆی دەڵێت:

---

(١٣) دکتۆر (موحسین موحەممەد حسین) کتێبی (سەلاحەدینی ئەیوبی، ذیانامەی طەشترین) لاثەڕەکانی (٦-٩٣-١٢٨).ساڵی (١٩٩٣)
زاینی ضاثخانەی دارالبحرین بغداد.

لەشەڕەکاندا زۆرجار دووچاری لێواری مەرگ دەهاتم، چەندین جار شمشێری دوژمنانی ئیسلام لەسەر گەردنم بوو، بەڵام خوا دەیپاراستم بۆ کارێك هەڵی گرتبووم، کە زۆر گەورە بوو تا نەهاتەدی نەمزانی ئەوەیە.

ئەوەبوو لەدوای چەندین شەڕی خوێناوی، خوای گەورە ئەو کارە گەورەی کردە نسیبی ئەو سەرکردەیەو ڕۆژی هەینی (٢٧)ی ڕەجەبی ساڵی (٥٨٣)کۆچی، ڕێکەوتی (٢)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١١٨٧ز)، کە شەوی ئیسراو میعراجی پێغەمبەری خوای (ρ) بەسەردا هات، شاری قودسی لەفەلەستین لەدەستی سەلیبیەکان رزگار کراو مزگەوتەکان (قبە الصغرە مسجد الاقصی) گەڕانەوە دەستی موسڵمانان بەبێ ئەوەی دڵۆپی خوێنێك بڕژێت بە پێچەوانەی (٨٨) ساڵ لەوەوبەر کە کاتێك سەلیبیەکان شاری قودسیان گرتو کردیانە خەڵتانی خوێنو وڵاخەکانیان لەناو لافاوی خوێنی موسڵمانەکاندا ڕەتدەکرد.

(سەلاحەدینی ئەیوبی) فەرمانی دەرکرد:

کەس ماڵی نەیاران تالان نەکاتو دەست بۆ مەسیحیەکان نەبەنو دیلەکانیشی ئازاد کرد.

لەساڵی (١١٩٣)زاینی سەلاحەدینی ئەیوبی دوای سەرکەوتنە گەورەکانی ئەنجامدانی ئەمانەتەکەی سەرشانی گەڕایەوە شاری (دیمەشق)و زۆر حەزی دەکرد حەجی ماڵی خوا بکاتو بە هەردوو حەرەمی پیرۆزی مەککەو مەدینە شاد بێت، بەڵام ئاواتەکەی نەهاتەدوی دووچاری نەخۆشیەکی کوشندە بوو، (زەردە تا)، کە هەر بەو نەخۆشیەش لەتەمەنی (٥٤) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئەو ڕۆژەش

رۆژێك بوو موسڵمانانو ئاینی ئیسلام، لەرۆژی مردنی پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشیدینەوە کۆستی وا گەورەیان نەکەوتبوو، دوای ئەوەی تەرمەکەی سەلاحەدین بەرێکرا پاشان ئەسپەردەی خاك کرا، (قازی فازل) شمشێرەکەی (سەلاحەدین)ی هەڵگردتو دابەزییە ناو گۆڕەکەییو لەتەنیشتیەوە دایناو بەدەنگی بەرز وتی:

ئەی سەرکردەی مەزن! ئەمە بکە بە داردەستی خۆت لەگەشتی بەرەو چوون بۆ بەهەشتدا. جا لەو کاتەدا هەموو موسڵمانان دایانە پرمەی گریان.

ساڵی (٢٠٠٥) چووینە [١٤] دیمەشقو یەکەم شوێن کە بەپەلە بووین پێی شاد بین (مزگەوتی گەورەی ئەمەوی) بوو، لەتەنیشدا ئەو مزگەوتە مێژووییەدا ئارامگای سوڵتانی گەورە (سەلاحەدینی ئەیوبی) لێ بوو، بە پرتاو چووینە سەر گۆڕەکەییو بە چاوی پڕ لەفرمێسکەوە سەیری تابلۆی سەر گۆڕەکەمان کرد، بە زمانی عەرەبی نوسرابوو ئەمەیە گڵکۆی سەلاحەدینی کوردی.

بەسۆزو هەیبەتی ئیمانی ئەو سەرکردە گەورەیەوە نەمان توانی سورەتی (فاتحە)ی بۆ خوێنین، لەگەڵ هاوەڵەکەمدا بە ناچاری سورەتی (نصر)مان خوێند، چونکە هەستمان بە مردن نەدەکرد، گیانی شکۆمەندیو سەرکەوتن دڵمانی داگیر کرد.

---

(١٤) نووسەر بە هاوڕێیەتی (د. دیوالی حاجی) مامۆستای زانکۆی لە شاری دهۆك، لەگەڵ (سیدا ئازاد جمیل) سکرتێری پێشوو (ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان) .

هەواڵنامەی کتێب

## نمونەی ئیمانداری بەرز

بـەدیعوزەمان (سـەعید نورسـی) لەبنەماڵەیـەکی کـوردی کوردسـتانی تورکیا لەدایکبووە (١٨٧٦- ١٩٦٠).

خـۆی کـورد بـووەو لەپەیامـەکانی نـووردا بەشـانازییەوە کوردبـوونی خـۆیو نـاوی کوردسـتانیش لـە کتێبـی (سـیرە ژاتیـە) لەلاپـەڕە (٤٢) داهێناوەو بەشانازیشەوە باسی ئاینپەروەری خەڵکی کوردستان دەکات.

لەهەنـدێك شـوێنی پەیامەکانیـدا هۆنراوەکـانی (مـەلای جـەزیریو ئەحمـەدی خـانی) شـاعیرانی گـەورەی کوردی تۆمـار کـردووو بـە بەڵگـە هێناونیەتەوە.

(مستەفا سونغور) کە یەکێکە لەو چەند قوتابیانەی مامۆستا نوورسی کە ئێستا پیر بـوون لەژیانـدا مـاوون، لەپێشـەکی کتێبـی (سـیرە ژاتیـە)دا ئاوا باسی کەسایەتی ئیمانیو ئاکاری مامۆستا (سەعید نوورسی) دەکاتو دەڵێت:

لەموجاهـەدەو لێپرسـینەوەی نەفسـیدا کـەم وێنـەو ڕاوەسـتاو بـووە، بەشـی نەفسـیو حـەزەکانی لابـردوو لەژیانیـدا، ئـەوان سـەرقاڵی خواپەرستی ڕۆژان بەڕۆژوو بوو، بەردەوام شەو بێدار بوو، کەم دەخەوت کەمی دەخـوارد، تەنانـەت لـەکاتی نەخۆشـیدا وازی لەخواپەرسـتی خـۆی نەدەهێنا.

قسەکردنی کـەمو پووخـت بـوو، زۆر درێـژەی بـە قسـەو بـاس نـەدەدا، هەرگیز لۆمەی کەسی نەدەکردو، ڕازیش نەدەبوو کەس لـەلای غەیبـەتی موسڵمانێك بکات.

ئەگەر کەسێك قسەی یەکێکی لەدژی خـۆی بـۆ بهێنایـە، ڕای دەگـرتو پێـی دەووت: نـەخێر ئەوکەسـە قسـەی وا ناکـاتو، ناچـار کەسـی قسـە هێنەرو بردەی تەریق دەکردەوە.(١٦)

---

(١٦) کلیات رسائل النور (سیرة ذاتیه) تألیف بدیع الزمان سعید النورسی، تجرمة / احسان قاسم الصالحی/ (١٩٨٩) ثێشەکیەکەی .

هەموو ئەوانەی ژیانی مامۆستا نوورسیان نووسیوە باس لەوە دەکەن، کە دوژمنانو نەیارانی ئیسلام سەرەڕای گرتنو زیندانیو دوورخستنەوەو دادگایی کردنو سزاو ئەشکەنجەدانو دابڕانی لەخەڵكو چاودێریو لێپرسینەوەی توندی لەگەڵی.

هەوڵی ئەویان دەدا دەرمان خواردی بکەنو زەهری بدەنێ (مستەفا سەنغور) دەڵێ:

چەندین جار ئەوکارەیان دووبارە دەکردەوە تاوەکو شەهیدی بکەن.

ئێمە لەسەردانمان بۆ شاری (ئەستەمبوڵ)[١٧] لەساڵی (٢٠٠٧)دا بە خزمەتی قوتابیەکانی مامۆستا نوورسی گەیشتین، ئەوانەی لەژیاندا مابوون، یەکێك لەوانە مامۆستا (محمد سەعید ئوزەدەمیری) بوو، ئەو گوتی: زیاتر لە (٢٠) جار نوورسیان بەشێوازی جۆراوجۆر زەهر خوارد کرد، بەڵام خوای گەورە پاراستی مامۆستا دوعایەکی هەبوو دەیخوێندو ئێمەش ئەسبابمان دەگرتە بەرو دەمانبردە نەخۆشخانەو خوای گەورە شیفای بۆ دەنارد.

ساڵی (١٩٣٦) (سەعیدی نوورسی) نەفی شاری (قەستەمۆنی) دەکەنو پۆلیسیش بە ووردی چاودێری دەکرد.

ڕۆژێك (سەعیدی نوورسی ) لەلای قەڵای دێرینی ئەوشارەدا، تەفەکورو تێڕامانی دەکردو هەندێك جار پەیامەکانی نوری دەنووسی، کابرایەکی سەرخۆش بەرەو ڕووی دەڕوات تاوەکو بچێت بۆ خانەی

---

(١٧) بةندةو كؤمةلَيَك لةبرايان سالَى (٢٠٠٧) ضووينة ئةستةمبولَء ئةستارتةو بارلا، لةطةلَ مامؤستا (عبدالرزاق هةورامانى) ديداريَكى رؤذنامةوانى لةطةلَ (م. سةعيد ئوزةدةميرى) سازدا.

لەشفرۆشی، کە لەو ڕێگەیەوە بۆی دەچوون، کـە مامۆسـتا نوورسـی لێـی دانیشـتبوو، هـەر کـە بـەو هەیبەتـە ئیمـانیو جلو بـەرگی زانایانـەوە، مامۆسـتا نوورسـی دەبینێـت، واقـی وڕدەمێنێـتو لەئاسـتی مامۆسـتادا ڕادەوەستێت، مامۆستا بە زەردەخەنـەو بـە هێمنـی پێـی دەڵێـت: براکـەم بگەڕێرەوەو مەچۆ بۆ ئەو شوێنە خراپە، بگەڕێیەوەو بچۆ خـۆوو بشـۆو تەوبە کە لەبەردەم خوای خۆتداو دەست بە نوێژەکانت بکە.

کابرای سـەرخۆش هەرکـە گـوێی لـەو قەسـانە دەبێـت، دەسـت دەکاتـە پرمەی گریانو بەخێرای بەرەو ماڵ دەگرێتەوە.

پیـاوانی پـۆلیسو چاودێرانی مامۆسـتا نوورسـی خێـرا دوای پیاوەکـە دەکەونو پەلی دەگرنو بەتانەو تەشەرەوە پێی دەڵێـت: خێـرا بـا بـزانین ئەو کوردە چی چرپان بە گوێتا؟!.[18]

مامۆسـتا نوورسـی زۆربـەی ووتـەو نوسـراوەکانی لـەدەوری (ئیمـانو زیندووکردنـەوەی ئیمـان) دەسـوڕێنەوە، جـا بـەووردی سـەرنج لـەم وتـە نوورینانەی بدەی بزانە چۆن کە ئیمان گەیشتووە.

نوورسی دەڵێت:[19]

★ زیادکردنی زەڕەیـەك ئیمـان لەدڵدا، ئەگـەر بـە ئەنـدازەی زەڕەیـەك بێـت، گـەلێك لـەلام بـەنرخترە لەتـەنێك زانسـتو زانیـاریو شـتی

---

(١٨) إحسان قاسم الصالحی (مؤلف رسائل النورو مؤسسة جماعة النور) بدیع الزمن سعید النورسی/ نظرة عامة عن حیاته وآثار/ ساڵی (٢٠٠٠) ئەنقەرە لاپەڕە (١٠١).

(١٩) حازم ناظم فاضل (هكذا يحب سعيد النورسی) عن كبرى القضايا الاسلايمة/ ١٩٨٤ ص. (٢٠).

(کەمالیات) تامی ئەو مسقالە ئیمانە، زۆر لەتامی وەجدو زەوقی زیاترن لەلام.

★ کاری من خزمەت کردنی ئیمانە، وەرگرتنو وەڵامدانەوەی خەڵکی بۆ ئیمان ئەوە کاری خودایە من پێویستە لەسەرم ئەرکی سەرشانی خۆم ئەنجام بدەم، دەست نابەم بۆ کارێك کە کاری خودای سوبحانەو وەتەعالایە.

## وەڵام لەجێگەی خۆیدا

(مەولەوی) شاعیر وەك مەلایەك لەگەڵ هەرجۆرە کەسێکدا بە گوێرەی عەقڵ و تێگەیشتنی ئەو وەڵامەی داوەتەوە.

جارێکیان لەکۆڕو مەجلیسی (شێخ عبدولقادری موجاهید)دا دەبێت لەشاری (سلێمانی) کابرایەك دێتە ژوورەوەو دەپرسێت: مەلاکان (ئامین) کردن لەنوێژدا واجبە یان سوننەتە؟

مەولەوی لەپێش ئەوانەوە هەڵئەداتیو دەڵێت: باوکم ئامین واجبەو ئەگەر نەیلێیت نوێژەکات بەتاڵ دەبێتەوە، کابرا وەڵامی خۆی وەردەگرێتو دەڕوات.

هەواڵنامەی کتێب

مەلاكان بە سەرسوڕمانەوە بـە مەولـەوی دەڵێن: ئـەرێ مەولـەوی ئـەم فتوا هەڵەیە چی بوو دات؟!.

مەولەویش لەوەڵامدا دەڵێت: كورە ئێوە خـەڵكی عـەوام ناناسـن، وەڵڵا ئەگەر بزانێت (ئامین) سوننەتە (ولاالڤالین)یش پێوە دەخوات.

ڕۆژێكی تر هەر لەمزگەوتی (شێخی موجاهیـد) كـە ئێسـتا پێـی دەڵێن (مزگەوتی شێخ لەتیفی دانساز) خەریك دەبێت خـۆی ئامـادە دەكـات بـۆ نوێژی مەغریبو فەرەنجیەكی درێژی لەبەردا دەبێت.

كابرایەك لەدواوە بانگی دەكات: كابرا فەرەنجیەكەت نوێژی پێوە نییـە فڕەیدە! ئەویش خێرا فڕێدەداتو نوێژەكەی دادەبەستێت.

یـەكێك لێـی دەپرسـێت: ئـەوە فەرەنجیـەكـەت نوێـژی پێـوە نـەبوو وا فڕێت دا؟ مەولەوی دەڵێت: نەوەڵڵا پاكو نوێژی بوو، بەڵام تامن كـابرام حاڵی دەكرد كە نوێژیە، نەك جەماعەتی مەغریب هی عیشاشم لـەكیس دەچوو.

ووتم چـاكتر ئەوەیـە فڕێـی بـدەمو بـەكورتی بیبڕمـەوە، تـا كـابرا نەیكردووە بە هەرا.[٢٠]

(٢٠) (دیوانی مەولەوی) مەلا عەبدولكەریمی مودەریس، پێشەكیەكەی.

## هەڵبژاردنی ئاوارەیی‌و بۆ خودا ژیان

مەولانا خالیدی نەقشبەندی ناوی (خالید ئەحمەد حوسەین)ە کە سەربنەماڵەی جافی میکایەڵی یەکە تیرەیەك بوون لە (جاف)ە کۆچەریەکانی کوردو بنەچەیان دەچێتەوە سەر حەزرەتی (عوسمانی کوڕی عەفان) خوایان لێ ڕازیبێت.

مەولانا لە هەر لەتەمەنی لاویدا، سەرگەرمی بەدەست هێنانی زانست‌و زانیاری دەبێت، بەڵام دڵی هەر ئۆقرە ناگرێت، ڕۆژێك سۆفیەکی دی خۆی دەکات بە مزگەوتەکەی ( مەولانا خالیدا) لەسلێمانی، کە موریدی شێخی شێخی گەورەی هیندستان شاه عبدوللای دیهلەوی دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

مـەولانا بەهاورێیـەتی ئـەو موریـدە ڕێگـای هـاتو نـەهات دەگرێتەبـەرو لەخزمــەتی شــێخ( عوبەیــدوللاَی دەهلەویــدا) تەرقــەت وەردەگرێــتو دەگەڕێتەوە کوردستان. لەگەڵ هاتنەوەیدا خەڵکی بەکۆمەڵ هاتنـە سـەر تەریقەتەکــەی، بەقســەی(کلۆریــۆس جــیمس ڕیــچ) کــە ســاڵی (١٨٢٠) لەسلێمانی بـووە دەڵێـت: (١٢-٢٠) هـەزار موریـدی لـە ولاَتـانی ئیسلامیدا هەبووە.[٢١].

کاتێـك ڕێبـازی نەقشـبەندی گەشــەدەکاتو بەرامبــەر ڕێبـازی قـادری دەوەستێتەوە، بەفیتنەی دەستی کەسانی بەدکار نێوانی مـەولانا خالیـدو شێخ مارفی نـۆدی تێـك دەچێتو، لەبـەر هەڵنەگیرسـانی ئـاژاوە مـەولانا خالید سەری خۆی لە کوردستان هەڵدەگرێتو ڕوو دەکاتە بەغداو پاشان بۆ ولاَتی شامو دوایش لەوێ بەغەریبی سەر دەنێتەوە.

شـێخ( موحەممـەدی ئـیبنو عابـدین) لـە کتێبەکـەی خۆیـدا کـە لەسـەر (مەولانا خالید نوسیویەتی) دەفەرموێت: پێش کۆچی دوایـی (مـەولانا) بەچەند ڕۆژێك چوومە خزمـەتی بـۆ سـەرە خۆشـی لێ کردنـی بەبۆنـەی کۆچی ناوەختەی دوو کوڕەکەیەوە کە بەنەخۆشی (کۆلێرا) مردبوون.

ڕووانـیم دەموچاوی گەشـەو فـەرمووی: مـن زۆر سوپاسـی خـوای گـەورە دەکەم، کە دەبینـم هێـزی ڕەزامەنـدیو سوپاسـکردنی خـوا لەدڵمـدا زۆر بەهێزە، بۆ مەرگی دوو کوڕەکەم هەرگیز نا شوکری تەنانەت (إنا لله وإنـا إليه راجعون) دەرنابڕمو هەر سوپاسی بێپایانی ئەو دەکەم.

---

(٢١) رِيَبازى سؤفيطةريى نةقشبةندى خاليدى . د. هةلَكةوت حةكيم وةرى طيَرِاوةتة سةر كوردى لاثةرة (٤٢.)

پاشان ڕۆژێکی تر چوومە خزمەتی‌و باسی ئەوەم بۆ کرد، کە لە خەونمدا دەڕوانم حەزرەتی (عوسمانی کوڕی عەففان) وەفاتی کردووەو منیش لەسەر جەنازەکەی ڕاوەستاوم‌و نوێژی لەسەر دەکەم.

فەرمووی: من لە نەوەی (حەزرەتی عوسمان)م، ئەو کەسە کە دەمرێ منم‌و تۆش نوێژ لەسەر جەنازەکەی من دەکەی.

مەولانا خالید لەدوای شەوی یانزەی مانگی (ژی القعدە)ی ساڵی (٢٤٢)ك هەر بەنەخۆشی (کۆلێرا) کۆچی دوایی دەکات‌و بەرەو میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوە.[٢٢]

---

(٢٢) (نامە عەرەبیەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لاثەرە (٣٦) وەرطێڕان ( ئیبراهیم فەتاح) ساڵی ٢٠٠٩

## كورتەیەك لە ژیانی ، مەولانا خالیدی نەقشبەندیۭ

٭ ناوی تەواوی (خالید كوڕی ئەحمەد كوڕی حیسینە ، لە تیرەی میكایلی جافە[٢])

٭ نازناوی ئاینی ( زیائەدینە ) و لە شیعرەكانیدا نازناوی (نوری) بۆ خۆی داناوە .[٣]

٭ساڵی١٧٧٩ لە سلێمانی لە ناوچەی قەرەداخ لە دایكبووە،لە تەمەنی منداڵیدا هەر لە قەرەداخ دەستی بە خوێندن كردووە و پاشان چووەتە سلێمانی و ناوچە كانی تری كوردستان.[٤]

٭ دیارترین مامۆستاكانی بریتیبوون لە :

سەید عبدالكریمی بەرزنجە، مەلا عبداللەی خەرپانی، سەید عبدالرحیمی بەرزنجی ، مەلاساڵحی تەڕەمارەیی، مەلا ئیبراهیمی بیارەیی، مەلا جەلالی خورماڵی، مەلا سیبغەاللەی زیارەی ، مەلا محمد

---

٢ (الشیخ معروف النودهی ) تألیف : محمد الخال ص ٣٨ \١٩٦٢ ، (ذیانةوةی زانایانی كورد) لا(٢٩) نوسینی شةثؤل

[٣] برِوانة دیوانی (مةولانا خالید نةقشبةندی ) لا (٢٧٩) سالَی ٢٠٠٩دةزطای ضاث و ثةخشی حةمدی

[٤] (یادی مةردان) مةلا عةبدولكةریمی مودةرِیس ب١ لا(٩) سالَی ٢٠١١\ئاراس

**ئـيبن ئـادەمی باڵـەکی، شـێخ قەسـیمی سـنەیی کـە هـەر لـەلای ئـەویش (ئیجازەی مەلایەتی ) وەرگرتووە .[٥]**

**★ سـاڵی ١٨٠٥دەچـێت بـۆ حـەج و لـە ڕێگـادا دەچـێتە وڵاتـی شـام و فەلەستین و لەوێ بە دیداری زانایانی ناوداری زانستی (فـەرمودە ) وەك ( محمد کزبری و مستەفا کوردی ) دەگات .**

**لە ڕێگەی مەدینە قەسیدە بەناوبانگەکەی بـەناوی ( حەوتەوانـە ) وە بــەزمانی فارسـی لــە ستایشـی پێغەمبــەری خــودا دادەنێــت ، پاشــان دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی .[٦]**

**★ سـاڵی ١٨٠٧ لـە شـاری سـلێمانی دەروێشـێکی هنـدی بـەناوی (مـیرزا ڕەحیم ألله بەگ ) هانی مەولانا خالید دەدات ، بچێتەلای (شاه عبدالله ی دەهلـەوی ) لـە هندسـتان و ڕێبـازی تەریقـەت لـە سـەر دەسـتی ئـەو وەربگرێت .[٧]**

**ئەمە لە کاتێکدا لە ناو شـاری سـلێمانی و لـە ناومزگـەوتی گـەورەدا ( شـێخ مـارفی نـۆدێی ) هـەبووە و رابەرایـەتی ڕێبـازی قـادری کـردووە، نەبیستراوە مەولانا خالیـد ڕێبـازی تەریقـەتی لـە شـێخەکەی لای خۆیـان وەرگرتبێـت ، بـەڵکو ریبـازی قـادری لـە شـێخە هندیەکـەی وەردەگرتـت وماوەی ساڵێك لای دەمێنێتەوە .[٨]**

---

[٥] مةلا تاهيرى مةلا عبداللةى بةحركةيى (ميَذوى زانايانى كورد) لا( ٣٢١)
[٦] (الشيخ معروف النودهى ) تأليف : محمد الخال ص (٣٩)
[٧] هةمان سةرضاوةى ثيَشوو [٧ ٧] (الشيخ معروف النودهى ) تـأليف : محمد الخـال ص ٣٨ \١٩٦٢ ص ٣٩
[٨] هةلَكةوت حةكيم ( ريبازى سؤفى طةرى نةقشبةندى- خاليدى ) لا(٤٠) \٢٠٠٩\ضاثخانةى ئاراس

★ سـاڵی ١٨١١لـه شـاری (سـنه ) وه دەگەڕێتـەوه شـاری (سـلێمانی)و پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێت ،ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەگەڕانـەوەی مەولانا دەچنه سەر ڕێبازەکەی .

به جۆرێك ساڵانی (١٨١١-١٨٢٠) بـه پڕبەرهـەمترین ساڵانی ئـەم ڕێبـازه دادەنرێت له کوردستان ، سەرباری ئەوەی بـەردەوام ڕووبـەڕوی دژایـەتی قادریەکان و ناوبەناو میرانی بابان بۆتەوه .[9]

★ ساڵی ١٨١٣ دوای ئەوەی مەولانا لەلایەن ناحەزانیەوه بێـزار دەکرێـت ، بەرەو شـاری (بەغـداد) کـۆچ دەکـات و لـه مەدرەسـەی (ئەحسائیه) کـه دواتـر بـه تەکیـەی خالیدیـه ناوبـانگ دەردەکـات ، نیشـتەجێ دەبێـت و دەست دەکات بەبڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەی و خـەڵکێکی زۆر لـه زانایـان و پیاومـاقوڵان و هاوڵاتیـانی شـاری (بەغـداد) دوای دەکـەون و دەبـن بـه موریدی[10] .

★ سـاڵی ١٨١٦لەسـەردەمی فـەرمانڕەوایی ( مـەحمود پاشـای کـوڕی عەبـدولڕەحمان پاشـای بابـان ) دا مـەولانا خالیـد لـه سـەرداوای ئـەو دەگەڕێتەوه بۆ شـاری سـلێمانی و (مەحمودپاشـای بابـان) یـش خزمـەتی زۆری دەکات و مزگەوتێکی لـه خـوار مزگـەوتی گـەورەی سـلێمانیەوه بـۆ دروست دەکات ،کە بە (خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی) ناوبـانگ دەردەکات .

---

[9] هەمان سەرضاوەی ثێشوو لا (٤١)
[10] (الشيخ معروف النودهى ) تأليف : محمد الخال ص٤١ ، هەروەها
مەلا عەبدولكەريمى مودەريس ( يادى مەردان ) ب١لا(٣٠) سالَى ٢٠١١ضاثخانەى ئاراس

★ بوونی هەردوو ڕێبازی (قادری – نەقشبەندی ) لە شاردا و هەردوو ڕابەری ئاینی خاوەن کاریزمای وەك ( شێخ مارفی نۆدێی _ مەولانا خالیدی میکایلی ) هەردوو بنکەی (مزگەوتی گەورە – مزگەوتی خانەقا ) لە شاردا ململانێی توند دروست دەکات و جیاوازی بیروڕای ئاینی سەرهەڵدەدات و کاردەگاتە نوسین لە دژی یەکتر و مونازەرەی یەکتر وەك هاتنی (شێخ یەحیای مزووری ) بۆ سلێمانی و دانیشتنی تایبەت لەگەڵ مەولانادا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیدا لە سەرداوای شێخ مارف .[١١]

★ ساڵی ١٨٢٠ مەلانا خالید شاری سلێمانی بەجێدێڵێت و بەرەو شاری (بەغداد ) کۆچ دەکاتەوە ، گەڕیدەی ئینگلیزی ( کلۆدیوس جێمس ریچ ) لە گەشتنامەکەیدا بۆ شاری سلێمانی ، یادداشتەکانی رۆژی ٢٥\١٠\١٨٢٠ بەم جۆرە تۆماردەکات :

(( ئەم بەیانیە شێخ خالیدی بەناوبانگ هەڵهات ، لە گەڵ ئەوەش کە هەڵهاتنەکەی لەپڕو بەنهێنی بوو، توانی هەرچوار ژنەکەی لەگەڵ خۆی ببات، بەڵام هێشتا نەزانراوە بەرەو کوێ ڕۆیشتووە؟ ))[١٢]

★ مەولانا خالید لە شاری بەغداد دەچێتەوە تەکیەی خالیدیە و دەست دەکاتەوە بە کاری ڕێنمایی و بانگەوازی خۆی و هاوینان دەگەڕێتەوە بۆ هەوارگەکەی خۆی لە هەورامان ، بە جۆرێك ناوبانگی مەولانا بڵاو دەبێتەوە موسوڵمانان لە وڵاتی ( ئێران و تورکیا و

---

[١١] بڕوانة ( ريبازى سؤفى طةرى نةقشبةندى- خاليدى ) لا(٥١) و( يادى مةردان ) ب١لا(٣٥)
[١٢] طةشتةكةى ريض بؤ سليَمانى –رؤذى ٢٥ى تشرينى يةكةم

هندســتان و ئەفغانســتان و شــام) دێنەدیــدەنی و دەبنــە موریــدی و ڕێبازەکەی لەوڵاتانی خۆیان بڵاو دەکەنە ، تـا دواجـار لـە وڵاتـی شـامەوە نامەی بۆ دێت و بانگێشتی یـەکجارەکی دەکـەن بـۆ مانـەوەی هەمیشـەیی لە شام .

★ ساڵی ١٨٢٢ مـەولانا خالیـد دەگاتـە وڵاتـی شـام ، لـەوێ هـەموو بیر و هـزری خـۆی بـۆ بڵاوکردنـەوەی ڕێبـازی نەخشـی بـەکاردەهێنێت ، بــەجۆرێك شــوێنکەوتەی زۆر دەبێــت هەنــدێك لێکۆڵــەر ژمــارەی موریدەکانی  لەو دەمەدا بە بیست هەزار کەس مەزەندە دەکەن .[١٣]

★ لە کۆتایی ڕۆژەکانی تەمەنیدا چوەتە سـەردانی (بـەیتول مەقـدیس و مەسـجیدول ئەقسـا ) دوای گەڕانـەوەی بـۆ شـام لـە سـاڵی ١٨٢٧بـەهۆی نەخۆشی تاعونەوە کۆچی دوایی کردووە و لە شاری دیمەشق لە (حەیول ئەکراد ) ئەسپەردەی خاك کراوە .[١٤]

★ دانراوەکانی : لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا نزیکەی بیست کتێب کەزۆربەیان بە زمـانی عـەرەبین دراونەتـە پـاڵ مـەولانا خالیـد[١٥] ، بـەڵام ئەوەی لەناوکوردا بڵاوە دوو دانەیە :

---

[١٣] (ریبازی سؤفی طةری نةقشبةندی- خالیدی ) لا(٤٣)
[١٤] (ذیانةوةی زانایانی کورد) لا(٣٩)
[١٥](الشیخ معروف النودهی ) تألیف : محمد الخال ص( ٤٣-٤٤)

**١- دیوانی شیعرەکانی بە سێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی ساڵی ١٨٤٤ لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە و چاپی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ ، [١٦] ساڵی ٢٠٠٩ لە دیداری جیهانی مەولانا خالید لەسلێمانی چاپکراوەتەوە.**

**٢- عەقیدەی کوردی (ئاقیەی کوردی ) ساڵی١٨٢٦ [١٧]**

[١٦] (ببیلیۆطرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی ) مستەفا نەریمان لا(١١٣-١١٤ )
[١٧] (زمان و ئەدەبی کوردی) وەزارەتی ثەروەردە \ساڵی ٢٠١٣ لا( ١٥٤)

# شێخ محەمەدی خاڵ و هەڵوێستە نەمرەکانی

زانایەك نمونەی گیانی کوردەواری ، سەر بە قوتابخانەی عەقلانی ئیسلامی، زانا بەمانای ووشە نەك هەر ناوی بێ ناوەرۆك .

کراوە و نوێخواز و شارستانی ، رابەری بیری ریفۆرمی ئاینی لەکوردستان، کێوی هەڵوێستی باوەڕداری و مەردایەتی، مشتێك نمونەی خەرمانێکە :

- شێخی خاڵ خاوەنی گەورەترین کێبخانەی دەسنوسی زانایانی کوردبوو، سەردەمی بەعس لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە چەکێکی بانکی بۆ دەبەن کە بە ئارەزووی خۆی چەندی لە سەر دادەنێت داینێت، لەبەرامبەر ئەوەی دەسنووسەکان بفرۆشێت، ئەویش لەوەلامدا دەڵێت: ئەوە موڵکی نەتەوەی کوردە، بە هەموو سەروەتی دنیای ناگۆڕمەوە!
- ساڵی ١٩٦٦ کاتێك رژێمی میسری بڕیاری لەسێ دارەدانی، زانای تەفسیری قورئان (سەید قوتب)، تەنها کەسێك لە عێراقدا دژی ئەو بڕیارەی دادگا دەداتەوەو بەناوی زانایانی کوردستانەوە بروسکەی ناڕەزایی دەنووسێتو تیایدا دەنووسێت: مایەی شەرمەزارییە، سەید قوتب لەسێدارەبدرێت.
- کۆتایی ساڵەکانی ژیانی، زۆر خەمی بوو نووسینەکانی تەواو بکات، بەدەستێك خەریکی تەفسیری خاڵو بە دەستێك خەریکی ساغکردنەوەی شیعرەکانی کورد بوو بەتایبەتی (شێخ رەزا) ، لەولاوە

**یەکەم کەسبوو لەناو کوردا فەرهەنگی (کوردی-کوردی) نووسیو پەندی پێشینان و ژیاننامەی ناودارانی کوردستانی دەنووسیەوە .**

**بەلاّم لە کۆتایدا سۆمای چاوەکانی داهات، تونای بینینیان نەما، رۆژانە بۆ سەبووری دلّی دەچووە ناوکتێبەکانیو دەستی بە سەریاندا دەهێنا و فرمێسك هۆن هۆن لەچاوەکانی دەهاتە خوارەوە.**

**شێخی خالّ بەو هەلّوێستانەی فێری کردین ، خودا و خەلّکی خودامان خۆش بوویت، ئاینپەروەری و کوردپەروەری بەیەکەوە کۆبکەینەوە.[١٨]**

---

١٨ برِوانة (**الشيخ محمد الخال و جهوده الفكرية والدعوية** ) ملا نصردين توفيق نادر ص١٧٥ /٢٠١٤ /نينوى هةروةها طؤظارى (تةبايى) ذمارة٣/١٩٩٩ ص ٢٣/ ريبوار على

# کورتەیەك لە ژیانی، شێخ محەمەدی خاڵ

★ ناوی تەواوی (محمد کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمین کوڕی شێخ محمدی خاڵ کوڕی مەلا ئیسماعیل کوڕی مەلا مستەفا[١٩] کوڕی مەلا شمس الدین کوڕی مەلا عوسمان کوڕی سەید محمود کوڕی سەید محمد کوڕی سەید حەسەن ناسراو بە مەلا ئەبوبکری مصنف[٢٠])ە[٢١]

★ نازناوی ( خاڵ ) بووە ، کە لە سەر بەرگی هەموو کتێبەکانی داینـاوە و ئەونازناوەشـی لـە بـاپیرەی دووەمـی بۆماوەتـەوە ، هـەروەها بـە هـۆی پیشەکەشـیەوە لـە کـارو بـاری فەرمیـدا بـە ( قـازی) ناویـان بـردووە و خۆشی لەکۆتایی نامەکانیدا بە کاری هێناوە.

★ ساڵی١٩٠٤ لە سلێمانی گەڕەکی گۆیژە لە دایکبووە،لە تەمەنی نۆ ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە ، لەو کاتەدا بـاپیرەی (حـاجی شـێخ ئـەمینی خـاڵ ) لـە تەمـەنی حـەفتا سـاڵیدابووە ، سەرپەرشـتی کـردووە و لـە مزگەوتەکـەی خۆیانـدا خـەتمی قورئـان و چـەند نامەیـەکی (عـەرەبیو فارسی) پێ تەواوکردووە.[٢٢]

★ مامۆستاکانی بریتیبوون لە :

---

[١٩] ئەم مەلا مستەفایە لە سەردەمی دروستکردنی شاری سلێمانیدا ژیاوە، ساڵی ١٧٨٤

[٢٠] مەلا ئەبوبەکری(مصنیف)ی شارەزووری(طۆرانی)ی نەوەی (پیرخدری شاهۆیي) یە

[٢١] حیاة الشیخ محمد الخال لا١ بە پێنوسی خۆی ، دەستنوسە بۆ (جەمال بابان)ی نوسیوە .

[٢٢] سەرچاوەی پێشوو لا٢.

**١-شێخ ئەمینی خاڵ ٢- شێخ جەلالی قەرەداخی ٣- مەلا حسەینی پەسکەندی ٤- شێخ عومەری قەرەداخی ناسراو بە (ئیبن قەرەداخی) .**

**ئەمانە لەمەلا ناودارەکانی شاری سلێمانی بوون و شێخ محەمەدی خاڵ بە (زانا و زاهید و مامۆستای هەموان ) ناوی بردوون .[٢٣]**

**★ ساڵی ١٩٢٨ خوێندنی زانستەکانی شەریعەتی تەواوکردووە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.[٢٤] دەربارەی ئەوزانایەی (مۆڵەتی زانستی ) پێ بەخشیوە بیروڕای جیاوازی لە سەرە ، هەندێك لایان وایە (شێخ عومەری قەرەداخی) بووە ، هەندێك بە (مەلا محمدی جەلیزادەی کۆیە —مەلای گەورە ) ی دەزانن ، هەندیك ( مەلا فندی هەولێری ) یانداناوە .[٢٥]**

**★ ساڵی ١٩٣١پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی لەرێورەسمیکی فەرمیدا و لە دوای کۆچکردنی باپیرەی ، لە مزگەوتەکەی خۆیان وەك ئیمام و مودەڕیس دایمەزراندووە .[٢٦]**

**★ ساڵی ١٩٣٢ لەرێگەی خوێندنەوەوە بە قوتابخانەی عەقلانی- ئیسلامی (جەمالودینی ئەفغانی و شێخ محمد عەبدە) ئاشنا دەبێتو گۆڕنکاری گەورە لە بیرکردنەوەیدا دروست دەبێت ، هەروەك خۆی دەڵێت:**

---

[٢٣] سەرضاوەی ثێشوو لا٣

[٢٤] جەمال بابان رؤذنامەی (العراق ) ذمارة (٤١٥٧ ) لا ٤

[٢٥] عومەر عەلی محمد بەهادین(الشیخ محمد الخال مفسرا ) سالَی( ٢٠٠٥) لا ٢٦

[٢٦] رؤذنامەی (ذیان) ذمارة (٢٨ ) ١١\١٦\١٩٣١

((ساڵی ١٩٣٢ دانەیەکم لە هەموو ژمارەکانی (العروە الوپقی) دەستکەوت ، کەوەك کتێب چاپ دراون لە (٥٢٨) لاپەڕەدا ،بە خوێندنەوەی پەردە لە سەر چاو و دڵم لاچوو ، لە بارێکەوە کەوتمە بارێکی تر. )) [٢٧]

★ ساڵی ١٩٣٩لەتاقیکردنەوەی وەزارەتی دادی عێراقی دا بە پلەی یەکەم دەرچووەو بووە بە قازی . لە دادگاکانی (هەڵەبجە و لە سلێمانی و کەرکووك و چەمچەماڵ و موسڵ و بەغداد) ، قازێتی کردووە و ساڵی ١٩٦٨ خانەنشین کراوە.[٢٨]

★ ساڵی ١٩٥٤ کراوەبەئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عیراق ، لە بەر ئەوەی کتێبێکی زانستی لەسەر ژیانی (موفتی زەهاوی) موفتی شاری بەغداد دانابوو، ساڵی١٩٦١ کراوە بە ئەندامی ئەنجوومەنی تەمیزی شەرعی سونی لە بەغدا..[٢٩]

★ ساڵی ١٩٦٧پاش سەفەری حەج سەردانی میسری کردووە و چاوی بە شێخی ئەزهەرکەوتووەو لەسەر چەند بوارێکی ئایینی گفتوگۆیان کردووە.[٣٠]

★ ساڵی ١٩٧٠جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد و ئەندامی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عیراق و سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە.[٣١]

---

[٢٧] شێخ محەمەدی خالَ (نالَەی دەرون ) ج١ لا(١٨٠) سالَی ١٩٨٥

[٢٨] حیاة الشیخ محمد الخال لا١ بە ثینوسی خۆی ، دەست نوسە بۆ جەمال بابانی نوسیوە .

[٢٨] سەرضاوەی ثێشوو لا٤.

[٢٩] هەمان سەرضاوەی ثیشوو لا٥

[٣٠] ضاوثیکەوتنی (خالد محمد خالَ ) سالَی ١٩٩٣ نوسەر

**★ ساڵی ١٩٧٤سەددام حسێن داوای لێکردووە ببێت بە ئەمینداری گشتی کاروباری ئەوقافی کوردستان، بەڵام رازیی نەبووە و نەیکردووە. ساڵی١٩٨٠سەرۆکی کۆڕی زانیاری ئوردون داوای لێدەکات ببێت بە ئەندامی کۆڕەکەیان.[٣٢]**

**★ نزیکەی حەفتاساڵ لە شەو و رۆژێکدا (١٠) کاتژێر خەریکی خوێندنەوە و نوسین بووە و زیاتر لە (٣٠) بەرهەمی لەبواری (ئاییناسی و کۆمەڵایەتی و زمان و ئەدەبی کوردی) دا نوسیوە[٣٣] ، لە دوتوێی (٢١) قەوارەدا (٤١٤١) لاپەڕەی تاکو ساڵی ١٩٨٤چاپکردووە و لەریزبەندی نوسەرانی کورددا پلەی شەشەمی وەرگرتووە .[٣٤]**

**★١٥ی تەمموزی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردراوە.[٣٥]**

**★ بەرهەمەکانی نوسەر ، بە کتێبی چاپکرا و چاپنەکرا و نامیلکەکانیەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :[٣٦]**

**١- تەفسیری قورئان(جزمی عم) ، ساڵی١٩٣٥**

**٢- مەولود نامەی نەوئەسەر، ساڵی ١٩٣٧**

---

[٣١] محمد سالَح سةعيد ( بؤيادى مامؤستاى زانا شيخ محمدى خالَ ) لا٣

[٣٢] ضاوثيَكةوتنى نوسةر لةطةلَ(شيَخ خاليدى شيَخ محمدى خالَ ) لة نيَوان سالآنى( ١٩٩٣-١٩٩٩) بؤ نوسينى ذيانامةى ( شيَخ محمدى خالَ )

[٣٣] طؤظارى رابةر ذمارة (٨)١٩٩٢ نةبةز هةورامى(شيَخ محمدى خالَ ) لا٩

[٣٤] مستةفا نةريمان (ببليؤطرافياى دووسةد سالَى كتيَبى كوردى)لا (٣٩١)

[٣٥] ضاوثيَكةوتنى (خالد محمد خالَ ) سالَى ١٩٩٢ نوسةر

[٣٦] مستةفا نةريمان (ببليؤطرافياى دووسةد سالَى كتيَبى كوردى) ، لا (٣٦٩)سالَى١٩٨٩ ضاثخانةى زةمان .
هةروةها حياة الشيخ محمد الخال لا ٣-٥ بة ثيَنوسى خؤى ، دةست نوسة بؤ (جةمال بابان)ى نوسيوة .

٣- فه لسهفهی ئایینی ئیسلام ، ساڵی ١٩٣٨

٤-ئاگادای ئهمانهت ، ساڵی ١٩٥٩

٥-ژیان مفتی زههاوی، ساڵی ١٩٥٣

٦- تهفسیری سورهتی (فاتحه) ،ساڵی ١٩٥٥

٧- په ندی پێشینیان، ساڵی ١٩٥٧

٨- بیتوشی ، ساڵی ١٩٥٧

٩- فه رهه نگی خاڵ ب١، ساڵی ١٩٦٠[٣٧]

١٠-فه رهه نگی خاڵ ب٢، ساڵی ١٩٦٤

١١-فه رهه نگی خاڵ ب٣،ساڵی ١٩٧٤

١٢- (تأریخ الاماره الافراسیابیه) ،ساڵی ١٩٦١

١٣- (الشیخ معروف النودهی البرزنجی)، ساڵی ١٩٦٣

١٤- المؤنپات السماعیه باللغه العربیه سنه ١٩٦٧

١٥- تهفسیری خاڵ ،جزمی یهکهم ساڵی ١٩٦٩

١٦- تهفسیری خاڵ جزمی دووهم ساڵی ١٩٧٢

١٧- تهفسیر خاڵ ،جزمی سێ ساڵی١٩٨٤ ١٩٩٠

١٨- تهفسیری خاڵ، جزمی بیست و حهوت ساڵی

١٩- تهفسیری خاڵ، جزمی بیست و ههشت ساڵی١٩٨١

٢٠- تهفسیر خاڵ ،جزمی بیست ونۆ ساڵی١٩٨٤

٢١- ناڵهی دهرون ب١ ، ساڵی ١٩٨٤

---

[٣٧] لة ميَذوى كوردا (شيَخ محمدى خالَ) يةكةم كةسة فةرهةنطى (كوردى-كوردى) نوسيوة ، برِوانة (لةبوارى فةرهةنط نوسى كورديدا ) د. ئاورِةحمانى حاجى مارف ، سالَى ١٩٧٨ لا(٨)

٢٢- ناڵەی دەرون ب٢، ١٩٨٥

٢٣- ناڵەی دەرون ب٣،لەگەڵ دوو بەرگەکەی تردا ساڵی ٢٠٠٠٤

٢١- ناڵەی دەرون ب٤ ،بەزمانی عەرەبی یە چاپ نەکراوە .

٢٤- كنز اللسن ،تأليف السيد أحمد فائز البرزنجي،ساڵی ١٩٨٠.

٢٥- ئاین و رەوشت و جوانکردنی ،ساڵی ١٩٥٤

٢٦- رێزمانی کوردی بۆ قوتابخانەکان ،ساڵی١٩٦١

٢٧- پەروەردەی ئاینی بۆ قوتابخانەکان ،ساڵی١٩٧٤

٢٨- سەید جەمالوددینی ئەفغانی،ساڵی١٩٧٦

٢٩- بابا تاهیری هەمەدانی مەشهور بەعوریان ،ساڵی ١٩٧٧

٣٠- مەلا محمدی خاکی،ساڵی ١٩٧٨

٣١- سۆزی مینبەر ،ساڵی ١٩٩٧

٣٢- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی بەهاوبەشی (ئومێدئاشنا)، ساڵی ٢٠٠٣

٣٣- سەعیدی نورسی ،نوسینی محمد سعید رەمەزان بوتی،وەرگێڕان ساڵی ٢٠١٠

٣٤-پوختەی تەفسیر قورئان ، چاپ نەکراوە.

٣٥-دەستوری زبانی کوردی ، چاپ نەکراوە .

٣٦-ژیاننامەی شێخ محمدی خاڵ و بنەماڵەی خاڵ بە( کوردی و عەرەبی ) ، چاپنەکراوە .

٣٧- حاشيه وتعليق باللغه العربيه على حاشيه الملا عبد الرحمن البنجويني على(گلنبوی برهان) ،چاپ نەکراوە.

**٣٨- حاشـيه وتعليـق باللغـه العربيـه علـى تعليقـات الملا عبـد الـرحمن البنجوينى على(گلنبوى ئاداب)، چاپ نەكراوە.**

**٣٩- حاشيه باللغه العربيه على (شرح سيد عبد الله)على كتاب(الشافيه)ى (إبن حاجب) ،چاپ نەكراوە.**

**٤٠- حاشيه باللغه العربيه على كتاب (سعد الله الصغير) ،چاپ نەكراوە.**

# بەشی دووەم:

# خوداناسی

## مەولانا خالید لە موناجاتی پەروەردگاریدا

| | |
|---|---|
| یافەرد ئەعزەم | یا فەرد ئەعزەم |
| یاحەبیبی قەقییوم | یا فەرد ئەعزەم |

**یاشنەوندەی ناڵەی سوبح دەم**

**تەپای بەندیان، بەندیخانەی غەم**

**بەسۆزی سینەی سفتە دەروونان**

**بەعیشقی سینەی، ساف دەروێشان**

**من کەسەر حەڵقەی، گوناهـ کارانم**

**سەرتۆق جەرگەی شەرمە سارانم**

**سەرتاپا غەرپ لوجەی عیسیانم**

**سیفتەی نائیری، ناری حیرمانم**

**جورمم بێ حەدەن، گوناهم بێ شومار**

**(رب نصینی من عزاب النار)**

**نەکەری مەحروم، بەندەی ڕووسیاهـ**

**(ولا تقنگو من رحمه اللّه)**

**باری عیسیانم، کۆ کۆبیەن جەم**

**(یاغافر الزنب فاغفر لی ورحم)**

**نیازم ئیدەن، یاحەی یا قەییوم**

**(خالید) جه دەرگات نەكەری مەحرووم.[٢٣]**

## (بابا تاهیری هەمەدانی)

**باسی نێوانی خۆیو خودا دەكات:**

**بێ تۆ گەر سەرم، لەسەر سەرین بێ**
**سەری وام ناوێ، با بۆ بڕین بێ**
**ئەگەر ووشكا فرمێسكی چاوم**
**یاخوا ئەو چاوە كوێرو نەبین بێ[٢٤]**

** ** **

**سەرتاپای ژینم، شین و گرین بێ**
**با ناوم لای خەڵك، بەردو پڕقین بێ**
**مادەم ڕازی بی ، ئەی خوای میهرەبان**
**گیان و سامانم ڕوو لە كڕین بێ[٢٥]**

---

(٢٣) (ذیناوةری زانایانی كورد لة جیهانی ئیسلامیدا) (شةتؤل) لاثةرِة(٦٩-٧٠). هةروةها (دیوانی مةولانا خالید) لا٢٧٩

(٢٤) (طةنجینة) ضوارینةكانی باباتاهیری هةمةدانی، وةرطیَرِانی رِازی.

# وەرن با لەگەڵ شەوبێداراندا، لەعەشقی خوادا بێداربین

بەزم هام فەردان، با مۆبەت کێش
یەك ئیمشەو دەفێ دەروێش، های دەروێش
باوەڕ نەگۆڕەی، وەلولەی دەف دا
ڕووی پەندو تەویخ، وە هەر تەرەفدا
ڕووی پەند، ئەو یاران دڵ وە جەهدو جەخت
ڕووی تەویخ، ئەو لای (مەعدوومی)ی بەدبەخت
واچە هەی دڵەی، ئەبلەی بێ خەبەر
هۆ ڕێز ساتێ، تەرك خاو شیرین کەر
شەوەن خەڵوەت، ماڵ بێ ئەغیارەن
عالەم گرد وتەن، دۆس خەبەردارن[38]
ئەمجار یاد کەرد، عومر عەبەس و یەردەت
باوەڕ وەخاتر، ناپاکی کەردەت

(٢٥) تةواوكردنى ضوارينةكة هى (نوسةرى ئةم كتيَبةية) كة لةشعرةكةى (رابيعةى عةدةوى)يةوة وةرطرتووة .
٣٨ - ئةو دوو ديَرِة شيعرى (بيَسارانى)ية مةولةوى وةريطرتووة.

**سەر ئەڤگەندە بەر، چون شەرمە ساران**

**چەمەی چەم هۆرکەر، چون سەیل واران**

**بەڵ شۆرۆ بەو ئاو، کەرەم فراوان**

**بابەت وە بابەت، سیاهەی تاوان**[٣٩]

**مەولەوی**

## جوانی سرووشت، بەڵگەو نیشانەی خوایە

### خوایە ئەوانەی، کە بێ باوەڕن

٣٩- (دیوانی مەولەوی) لاپەڕە (٧١-٧٣)

هیچیان نەدیوە، وا هەڵەوەڕن

ئەگینا سەیری، باغێکی گوڵ کەن

تەماشایەکی، عەقڵ و دڵ کەن

ئەو ڕەنگە جوانەی پەڕەی (هەرحایی)

بەزەرەبینی تیشکی بینایی

لێی وەردببنەوە، کە ئەو سنعەتە

کێ دەڵێ، زادەی خووی تەبیعەتە

گەڵای (گوڵ پەسەند) کام مەقەست بڕی؟

(پەردەی عەروسی) کێ پەردەی دڕی؟

کێ هات (لاوی لاوی)[40] بە دارا ئاڵان

کام دەست گەردنی (وەنەوشە)ی شکان

بەردە زلەکەی ناو ئاوی دووکان

کە بۆ ئەندازەی ئاو، بووە بەنیشان

شارە مێروولەی لەناودا ئەژی

ئەویش تەبیعەت، هێناویەتەدی؟![41]

## ئەحمەدی خانی داوا دەکات: بەناوی خوا دەست پێبکەین

---

٤٠- ئەوانەی ناو کەوانەکان ناوی طولَن لەکوردەواریدا.
٤١- (ثیرةمیَردو ثیَداضوونەوەیەکی نویَ ذیانء بەرهەمی) لاثەرِة (٥٨-٨٦).

**سەرنامەی نامە، نامی ئەڵلاٚ**

**بێ نامێ تە، نا تەمامە وەڵلاٚ**

**نامێ تەیە، لەوجێ نامەیا عیشق**

**بێ نامێ تە، نەقشێ خامە خامە**

**بێ نامێ تە، نا تەمامە، نامە**

**نامێ تەیە، شاه بەیتێ مەقسوود**

**فیهرستن، موکاتەباتێ مەحموود**[٣٠]

**واتاکەی :**

**١. پێشەکی هەر نامەیەك‌و هەر کارێکی تر بەناوی ئەڵلاٚ دەست پێ دەکات.**

**٢. هەر ناوی تۆیە تابلۆی عەشقی خوداناسی ڕازاندۆتەوە، هەر نامەو ناونیشانی تۆیە کە خامە بە سۆزی عیشقەوە نەقش‌و نیگاری ئەکات.**

**٣. دیارە بەبێ ناوی تۆ، خامە ناتوانێت نەقش نیگاری تەواو بێ کەم کوڕیش بێ، هەر شتێکیش بەناوی تۆ دەستی پێ نەکرد کەم‌و کوڕو ناتەواوە.**

---

(٣٠) کتێبی (تێکستی ئەدەبی کوردی- هۆنراوە) د. محمد نوری عارف لاثەڕە (٢١٤) ضاثی زانکۆی سلێمانی- ١٩٨١.

**٤. ناوی تۆ شا بەیتو مەبەستی سەرەکی باوەڕدارانە، ناوی تۆ لەسەر هەر نوسراو فەهرەستێك هەبێت بەرەکەتی تێدەکەوێتو ستایش کراو دەبێت.**

## خودا هێزی ئەژنۆم بدەریٚ

**ئەی رەحمانی هەمووو عالەم، ئەی رەحیمی رۆژی مەحشەر**

**خالقی بوون عالمی چون، بەدیعی هەناسەی سەحەر**

یارەب دەستی نزا مل کەچ، لەخەڵوەتی ئەم شەوەدا
هێزی ئەژنۆم پێ عەتاکەی، بەس منم پەککەوتەی سەفەر
***
ئەی باعسی ژینی سرور، قیبلەی گشت ساتی من
ئەی خالقی گشت وجودێك، حاکم و ساداتی من
بۆ شەمعدانی عیشقت، دڵم واپەرێشانە
بێ کەسم تەنها تۆی، ئەی عالمی لەحزاتی من
***
لەمەغریبی ژینی کورتا، نوری چاوانم خامۆش بوو
جەستە، چەمی چەشنی عەسا، لە لەزەی قامەت بێ بەش بوو
لەم حوزنەدا ئەشکی خوێنین، بۆ پەشیمانی ئەڕێژم
لەترسی رۆژی زلزالت، عالەم سەراپا بێ هۆش بوو [٤٢]

گۆران عباس

## بە تەنها عەشقی خواو هیچی تر[٤٣]

٤٢ - (خةمةكانى نيشتمان) لاثةرِة (٣٨٧-٣٨٨) شيعرى طؤران عباس/ سليَمانى (٢٠٠٢)

خوایە زیندەگی بدە، بە دڵم

هێندە دڵ مردووم، بۆ خۆم خەجەڵم

من خۆم نازانم، داوای چیت لێ بکەم

هەر ئەوەم ئەوێ، ڕێی لا تۆ دەرکەم

من دێوانەی تۆم، بە تاقی تەنیا

وا شەق هەڵ ئەدەم، لەهەردوو دونیا

ئەو ڕۆژەی گڵی، لەشت داڕشتم

تۆزێك لە لیقای، خۆتت تێ خستم

وا بەو مایەیە، گەیشتمە مەرام

تەنها تۆم ئەوێ، بە هەشت پەشمە لام

پیشەی هەڵکردنی من، گەدایییە

مەیلی تۆ بۆ من، شادی و شایییە

ئەزانم من، بۆ خۆت دروست کرد

هەوڵ و حەوسدیت، لە دڵم لابرد

خۆت لەقورئانا، ئاوەهات فەرموو

﴿رٚچیٚ اللَّهُ عٚنهُم وٚرٚچُوا عٚنهُ﴾

---

٤٣ - دیوانی ثیرة میَرد (ثیَداضوونةوةیةکی نویَی ذیانء بةرهةمةکانی) لاثةرِة (٧٤-٧٥) سالَی ٢٠٠٩/- ئامادةکردنی ئومیَد ئاشنا/ هةولیَر.

**پیرەمێرد**

**پەروەردگارا، تەماشا ئەکەم**

**خۆم لەکردەوەی خۆم حاشا ئەکەم**

**دڵ و زوبانێ، تۆ داوەتە بە من**

**بە هەواو هەوەس، لێم بوون بە دوژمن**

**ئەمەوێ دڵم تەنها، تۆی تیا بێت**

**لەیادی غەیری تۆ تەوەللا بێ**

**ئەوسا زوبانم زیکری تۆ ئەکا**

**ئەتوانم ببمە، بەندەی بارەگا**

**یاخوا پەروانەی نوری لیقات بم**

**رۆحم پەروانەو، خۆشم فیداتم بم**[٤٤]

---

٤٤- دیوانی (ثیرةمیَرد ثیَداضوونةوةیةکی نوێی ذیانء بةرهةمةکانی) لاثةرِة (٥٦-٥٧). بةرطی دووةم سالَی (٢٠٠٩) هةولیَر.

# پلەی ئیحسان ڕێگەی سەرفرازیە

**بنەمای ئاین، سێیە بیزانە**
**ئیمان و ئیسلام، سێیەم ئیحسانە**
**ئیحسان هەستانە، بە فەرمانی خوا**
**هەروەك بینینی بێ پێچ و پەنا[٤٥]**
**گەر تۆ نەیبینی، ئەو تۆ ئەبینێ**
**لەگشت کردەوەت، وێنە ئەسێنێ[٤٦]**
**سا پلەی ئیحسان، بەرزو بەنازە**
**هەرکەس پێی بگات، زۆر سەرفرازە [٤٧]**

**محمد بالیسانی**

---

٤٥- ئاماژەیە بۆ فەرموودی (**الاحسان أن تعبدو الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك) رواه البخاری**.

٤٦ - ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿**إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ**﴾

٤٧- (رۆڵە ئەروەری) لاپەڕە (٤) دانانی محمد بالیسانی ساڵی (١٩٧٧) بەغداد.

# که تۆم هەبێت

که من گوڵزاری ڕووی تۆم بێ، لەسەیری گوڵستانم چی
که عیشقی تۆ لەسەرمایە، لەتانەی واعزانم چی؟
لەناڵە ناڵی نیوەشەو لەئاهی بەربەیانم چی؟

**کە من یەك ڕەنگ و یەك نەوعم، لەتەبدیلی زەمانم چی**

## من تێشووی ڕێگام دەوێ!؟

**عیلمی بێ بەهرەو، دەرەختی بێ سەمەر، من نامەوێ**
**چاوی بێ ئەشكو فخانی، بێ ئەسەر من نامەوێ**
**عاشقێ كۆڵمی، لەڕەنگی ئەشكی چاوی سوور نەبێ**
**ڕۆژ نەناڵێ و شەو نەسووزێ، تا سەحەر، من نامەوێ**
**هەر دڵی فارغ لەعیشق و، هەر سەرێ سەودای نیە**
**ئەو لەجوملەی خەلقی ئینسان و بەشەر، من نامەوێ**
**ماڵی دنیا غەیری حەسرەت، عاقیبەت سوودی نیە**
**زادی ئیمانم تۆشەیە، باقی هەدەر نامەوێ**
**فەقیری خۆم چاكە، بە ئاسان تەی دەكەم ڕێگەی ڕەوین**
**كۆڵی سەنگین و سەفەر، ڕێگەی خەتەر من نامەوێ**
**بەم هەژاریمە لەم مزگەوتە هەژارە گۆشەگیر**
**گەر بدەن (شەمس) جیهانم سەربەسەر، من نامەوێ[49]**

**سەید بەهائەدینی (شەمس)[50]**

٤٨- دیوانی تاهیر بەطی جاف/ ئێداضوونەوەی حەمیة موستەعان لاثەڕة (٣٨) ضاثی یەكەم (١٣٨٠) ئێران

[49]- (طولَینی طولآن) لاثەڕة (٢٢،٢٣) .

[50]- سەیید بەهائەدینی شەمسی قورِەیشی نازناوی (شەمسة)ة لەسالَی (١٢٩٣) كۆضی لەدایك بووة سالَی (١٣٦٥) كۆضی لەسنة كۆضی دوایی كردووة.

## نوری ئیمانم دەوێ

ئیلاهی زۆر بە ئومێدی عەتاتم
بە لوتفی خۆت، بکەی ئیمان خەلاٚتم
غەمی دنیای دەنی، نا خۆم و نیمە
ئەگەر بۆ کوشتنم، دۆست فەرمووی هاتم

+ + + +

خوداوەندا بە حەقق، ئەولادی حەیدەر
بە عەشقی موئسیمانی، رۆژی مەحشەر
عەتاگەی نووری ئیمانم، بە ئیمان
لەڕووم بێ، بچمە دیوانی پێغەمبەر[٥١]

**میرزا غەفور**

## کردگاری جوانیەکان

ئەی بێ بەدیل و وێنە، هەر تۆی کە کردگاری
نەخشی ڕەواق و تاقی، نەخشێنەری نیگاری
نەخش ونیگاری گەردون، لەبونی نەخشی تۆیە
نەخشێنەری زەوی زار، بێ نەخش و بێ نیگاری
ئەوتاو ساو عەردە، ئەوشین و سورو زەردە

---

٥١- دیوانی (میرزا غەفور) لاثەرِة (١٢٧) کؤکردنەوەی (عەبدولَلاَ ئاطرین) سالَی (١٩٩١).

**ئەو كێو و شاخ و بەردە، نەخشن لەنەخشی باری**
**ئەمارەتی بە تۆیە، ئەی دادوەری دوو عالەم**
**هەر ئەمری تۆ بەكارە، بۆ گشت كاروباری**
**سەتتاری بێ سنوری، جەبباری بێ فتوری**
**قەهھاری بێ قسوری، دا داری نادیاری**
**سەبباری و سەبووری، غەففاری و غەفوری**
**خەللاقی بێ حزوری، هەر تۆی كە بەر قەراری**
**لەبەر ئەوە (هیوا)ش، هاوار ئەكا بە كوردی**
**چون تۆ هیواو هومێدی هەموو گەلی هەژاریی**[٥٢]

**حاجی عەبدولقادر (هیوا)**[٥٣]

## عەشقی سەرمەدی، لای مەلای جەزیری

**(للّه) سەحەر گاها ئەزەل**

**یەلمومێ عشقێ شوعلەدا**

**نورا جەمالا (لم یزل)**

**زاتی تەجەللا یا خوەدا**

**زاتی تەجەللا بول (زات)**

**بێ ئسم و (اپار) و (صفات)**

---

٥٢- (طولَضینی طولآن) لاثةرِة (٤٣،٤٤).
٥٣- شاعیریَكی كوردستانی رؤذهةلآتة.

سرا حرو ڤێن عاليات

خەف بۆ دستێ پەر دەدا

زاتی (مقدس) بۆ (وجود)

جۆشش نەدا ب بەحرێ (جود)

حوسن و جەماڵی خواست ئەڤین

ڤێکرا دیەك زاتی جڤین

نورا دیەك زاتی جڤین

نورا قەدیم بو عشق و ڤین

وان ل یەکی نازو عشوەدا

عەشقا ژنورا (لایزال)

(حسن) و جەمالا بێ (مپال)

ئیساندی یەلوم و شەماڵ

دیسا خوه لێ پەروانەدا [٥٤]

## خـــــودای من[٥٥]

ئەی خودای میهرەبانم

هەر تۆی مایەی ژیانم

ئەتپەرستم تاماوم

---

٥٤- (دیوانی مەلای جەزیری) لاثەرِة (٩٠) تویَذیندا (صادق بةهائةدین ئامیَدی) سالَی /١٩٩٩.
٤٠- ئةم شیعرة سالَی (١٩٩٢) لةمزطةوتی قةرة ضیَوار دانراوة.

**به گیان و دڵ و چاوم**

**هەر چەندە گوناهبارم**

**لەتوێشوودا، هەژارم**

**بەڵام دڵم ،ووریایە**

**خۆشەویستی تۆی تیایە**

...........

**چەند جوانە مرۆڤ ، روو لە خودابێ**

**بەتەنها دڵی بۆ ئەو شەیدا بێ**

**بیرو ئەندێشەی هەر لەلای ئەوبێ**

**بۆ خوداویستی گیانی فیدابێ**

............

**ئەم ژینە کورتە، ئەم هات و چوونە**

**ئەم بێ دادییە ، ئەم ژانی بوونە**

**تەنها هیوایەك لەناو دڵدایە**

**(یحبونە ویبحونە)**[٥٦]

..........

**خودا خۆت خاوەن، هەر خۆشت کڕیار**

**بانگەواز دەکەیت: کێ یە فرۆشیار؟**

**گیان و سامانم، پێشکەش بە تۆ بێ**

---

٥٦- ئایەتی قورئانە.

# من ڕێبواری ، عاشق و هۆشیار [٥٧]

**ڕێبوارچەلەبی**

٥٧ - ڕاظەی ئایەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنْ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمْ الْجَنَّةَ﴾ **البراءة/ ١١١.**
٢٠١٥/١/١

# بەشی سێیەم:

# دەرون و دونیا

**لەتاو تاریکی و شەڕی نەفسم، خودا چی بکەم؟**

**زەلیلی زوڵمەتی نەفسم، بەبێ ڕەحمی خوا چیبکەم**

**بە جیفە دڵ دەکەن مائیل، لەدەس نەفس و هەوا چیبکەم**

**ئەسیری نەفس و شەیتانم، غەریقی بەحری عیسیانم**

**بەبێ کەشتی شەفاعەت و، نەجاتی موستەفا چی بکەم**

**لەنێو تۆماری ئەعمالم بە غەیری بێ ئینتها چی بکەم**

**بەبێ سەنگی مەحەك، وەرناگرن نەقدی (عەمەل) سوبحەی**

**کەمن خاڵی لەئیخلاسم، لەگەڵ تۆشەی ڕیا چیبکەم**

**لەسەر پردی (سیرات)، مەردی خوا دێن و دەچن وەك بەرق**

**ئەمن لەو ڕۆژە، داماوم، خودا بێ دەست و پا چیبکەم**

**لەتاری زوڵمەتی نەفسا، (شەفیق) ئێستە بە داماوی**

**ئەڵێ هەردەم بەبێ شەمسی، وجودی موستەفا چیبکەم**[58]

**شەفیق**[59]

## (مەحوی) شەڕی نەفس و دنیا دەکات

---

٥٨- (دیوانی شەفیق) لاثەرِة (٤١،٣٩) لیَكۆلَینەوەی (سەلاح عەبدولقادر) سالَی (٢٠٠٢).

٥٩- ناوی (مەلا ئەحمەدەو كورِی مەلا عەبدولكەریمی فەقێ موحەممەد)ە سالَی (١٨٧٦) لەثێنجویَن لەدایك بووە، سالَی (١٩٣٩) كۆضی دوایی كردووە.

مـەحوی دەڵێـت :   چارەسـەری ئـەم نەفسە نـەفرەتیو سەرکەشـەت دەویٚ، وەك جیوە وایە، تا لەجووڵە نەخریٚو کۆنترۆڵ نەکریٚت کـەڵکی لیٚ وەرناگیرێـت، جـا کـەهاتی هـەردوکیانت کوشـتو مرانـت جیوەکـە وەك زیوی لێدێتو نەفسەکەش دەبێتە رۆحێکی پاكو بێگەرد.

ئاگادارب‌ـە ب‌ـە تـیری نـەفس، لەهـەر کەسـێك بـدات، لـەم دینایـەوە دەڕواتو لەو دونیایەی ترەوە دەردەچێتو تووشـی سـزاو دەردی دونیـاو قیامـەتت دەکـات، هـەروەك تیرەکـەی (تەهەمتـەن- رۆسـتەمی زاڵ) کـە لەهەرکەسێکی دابێت ئەم دیو ئەو دیو کونی کردووە.

خـۆ ئەگـەر هـاتوو نەفسـت باسـی ئـەحواڵو پلەوپایـەی بـەرزی لی کردیـت، نەکـەی ئاگـات لـەخۆت نـەبێتو خۆیـت لیٚ بگۆڕێـتو بـە نیـازی چـاکەوە داوای پلـەو پـاەت لیٚ بکـات. چـونکە لەڕاسـتیدا هـەر نەفسـە بەدەکەی جارانەو دەیەوێت سەرگەردانت بکاتو خۆیتی لیٚ بگۆڕێت.

وەك ئـەو گورگـە وایـە کـە ( ئـەبو زەدیـی سرووجی) لـە (ماقامـاتی حەریری)دا ڕەووشتی وای داوە بەو گورگـەو بـە بـاش ناساندوویەتی کە دوورە لەسروشتی گورگی راستەقینە.

واتـە: ئاگادارب‌ـە نەفسـت گورگێکـەو خۆیـت لیٚ نەکاتـە پیـاو بـاشو چاکەکار.

مایـەی سـەربەرزیو سـەرفرازی مـرۆڤ رۆحـی پاکیـەتی، هـەتا تـۆش نەفسـت بگریـتو بیکوژیـت جگـە لـەوەی کـە دەبێتـە رۆحێکـی پـاك، سەرسەخترینەوژمنی خۆیشت دەکوژی.

جا چ عەقڵێکە بە دەستی خۆت دوژمنەکەت پەروەردە بکەیت، کە لەئەنجامدا سەرت دەخوات. [٢٦]

دەوای ئەم نەفسە مەلعوونەت دەوێ، هەر دەردە وەك جیوە
کە هاتی کوشتتن، ئەو روحی مەحز، ئەم جەوهەری زیوە
لەدنیا تا دەگاتە ئاخیرەت کاریگەرە تیری
وەکو تیری هەمتەن، زامن پاك ئەم دیو ئەو دیوە
لە ئەحواڵ و مەقامات ئەردوا، خۆ نەگۆڕێ لێت
هەر ئەو گورگە (ئەبوزەیدی سروجی) تەوری گۆڕیوە[٢٦]
عەلاوەی بوونە رۆح، هەربیکوژی ، ئەعدا عەدوو دەکوژی
چ عەقڵە ؟ دوژمنی واپەروەری ، کێ خێری لێ دیوە!
لە عیشوەی پڕ فەنی دنیا مەبە ئەیمەن، کەوەك نۆشی
بەتەفرەی مەی ، بەسەد دانا ، قەڕابەی زەهری نۆشیوە
وەکو دێو ئیشی عەکسە، میهری قەهرە، شەربەتی زەهرە
فریبە[٦٠] ، گەنمی هەرجۆ، شیری هەر دۆ، رۆنی هەرپیوە!
کەدەستت بۆ تە سەر سەرنێ، سەروماڵت بەغارەت چوو

(٢٦) لیَکۆلَینەوەکان لەئەراویَزی دیوانەکەدا هیە، لەطەلَ رِوونکردنەوەی زیاتری خۆمان.
(٢٧) (دیوانی مەحوی) لیَکۆلَینەوەی (مەلا عەبدولکەریمی مودەریسء محمدی مەلا کەریم).
[٦٠] فریب: هەلفریودان

کەلێوی پێکەنیٚ، عالەم دەکات سەرشێت و کالیوە
لەمەکری ئەم عەجوزە و دێوی نەفس،ئەمن مەحوی
پەنا دەگرم ، بەزاتی ئەقدەسی بیٚ چوونی نادیوە[٦١]

★★ ★★ ★★

ئەسیرو سەیدی قەیدی کەیدو شەیدی نەفسی ئەممارەم
لەدەست ئەم مارە بەدچارە، چیە چارم، خودا چارەم
لەحەفتا تێپەڕیم و حەفتەیەك بۆ دین و بۆ دنیا
بەکاری خۆم و کاری کەس نەهاتم، وەی چ بێکارەم
نە شەیتان و نە دەوران و نە خزمانم بەمن ناکەن
ئەوەی نەفسی خەسیم (مەحویا) کردویە دەربارەم[٦٢]

.............

بۆ پارە حەیفە خۆ دەکەیە، پولی ناڕەواج
بۆ پاروێکی نان، ئەسەفە ڕوو دەکەی بەساج[٦٣]

...........

دنیا کە هیچە جوملە دەزانن، کەچی کەس
مەردانە بۆ خودانیە، دەس هەڵگریٚ لەهیچ
تا سەر نەبۆتە گۆ، دە لەدونیادە تۆ شەقیٚ
هەرئەم شەقە بەکارە، کە هەڵدریٚ لەهیچ[٦٤]

---

[٦١] دیوانی مەحوی لا٢٨٧-٢٩٠
٢٨ دیوانی مەحوی ، لاثەرِة (٢٣٠).
٦٣- لاثەرِة (٩٢).

نزیکە مردنت ئەی پیرە زاهید
وەرە با تۆبە کەین، ئیتر ڕیا بەس
خودا ئەم دەردی عیشقەم، لێ نەکا کەم
هەتا هەم بەمن، لەباتی هەردەوا بەس[٦٥]
لەدڵدا خەلق و خوا بوو، فائیدەی چی؟
کەدەم پڕبێ لە (إیّاك وإیّاك)
دەزانی جیفەیە دینا، دە حەیفە
وەکو سەگ، ئەم شەڕو شۆڕە لەسەر لاك
خودا تۆ لاگرپێ، لەولاکە (مەحوی)
بەجاهی پادشاهی تەختی (لولاك)[٦٦]

## توێشووی ڕێگات هەڵبگرە

توێشووی سبەینێت هەڵگرە
کە ڕێبواری سەر سەفەری
بەس دنیا، بە کۆڵت دابە

---

٦٤- لاثەرِة (٩٨).
٦٥- لاثەرِة (١٤٥).
٦٦- لاثەرِة (١٨٧).

**کە نازانی، بۆ کوێی بەری**
**کۆکردن بۆ خەڵکیەو**
**بۆ ئەوانیش کۆڵبەری**
**ڕێی توێشوودارانت دەوێ**
**بەتەماش نیت، توێشوو بەری!!**
**پڕ کە تێشوو،**
**کە ئێستات لەبەردەم دایە**
**شەوی تاریکت لەپێشەو**
**ڕێگاش ئیحتیاجی چرایە[٦٧]**

**ئیمامی شافیعی[٦٨]**

## (نالی) سەرزەنشتی خودی خۆی دەکات

**نەفس بگرە لەهاتووچۆیی خۆڕایی، هەتا ماوی**
**کە ئەم بایە، هەتا ئێستاکە، هەر عومری بە باداوی**
**عەجەب ماوم لەجەرگت، ئەی دلەی غافڵ، کە موددێکە**
**لەسەر ئەم ئاگرە داناوی، هێشتا هەر نەبرژاوی**
**کە خاکی، خاکی دامەن بە، وەگەر نە تۆزی بەربادی**
**کە ئاوی، ئاوی گەوهەرە، وەرگەڕنا بلقّی سەر ئاوی**

٦٧- (طولَضینی طولآن) لاثەڕة (١٩٢-١٩٣)
٦٨- ئةم ثارضة شيعرة هى (ئيمامى شافيعى)يةو (عةزيز ئالانى) وةرى طيَرِاوةتة سةر كوردى.

بە میعراجی سوولوکی سالیکاندا، تا نەچی رۆژێ
لەناو جەهلی مورەککەیدا، دەمێنێ هەر وەکو ماوی
وەرە ئەم نیکەتەیە من پێت بڵێم نالی، ئەگەر فەرزەن
هەموو دونیات ببێ، هێشتا هەر حەیران و داماوی[(٢٦)]

## نەفسم پیر نابێ

سەرو ڕیشم دەڵێی بەفرە، دەبێ من تا بەکەی وابم
خەیاڵاتم وەکو زەهرە، ئەوەندە بۆ بەرەڵڵابم
کە ڕێگەی ڕاستی خۆم زانی، دەبێ دەم بە سکاڵا بم
نەوەك ئەربابی عوشرەت، هەر لەکرداری بەتاڵا بم
ئەوا ریش و سەرم تێکڕا سپی بوو، هەروەکو لۆکە
نەمامی عومری شیرینم، خەریکە لێی بدا شۆکە
کەچی وا نەفسی بێ دینم، دەڵێی چەیدایە ئەمشۆکە
تەمایە هەروەکو جاران، لەباسی خەت و خاڵابم
لەپاپۆڕی نەزانیدا، لەگێژاوی خەتەر دابم
بە دائم هەر خەریکی ئارەزووی نەفس و جل و بەرگم
نەبوو جارێك بڵێم وامن، ئەوا نزیك بووە مەرگم
تەماشای خۆم دەکەم، زەرفی بەتاڵم (بێ دڵ) و جەرگم
ئەوەندە غافڵە قەلبم، بەسەد واعیز تەمێ نابم
ئەگەر هۆشم هەبێ چاکە، لەمەولا ڕوو لە (مەولا) بم[٦٩]

---

(٢٦) دیوانی نالَی (لاثەرِة) (٦٧٩) کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس/ ضاثی سێەمی/ سنة إنتشارات كردستان.
٦٩- دیوانی بێ دلَ لاثەرِة (٦٠) کۆکردنەوەی (کەمال ریَناس ) (بیَ دلَ) سالَی (١٩٩٩) هەولیَر.

بێ دڵ[٧٠]

## فەلسەفەی  خواپەرستی

**عیبادەت فەلسەفەی عومرە، هەتاکو ماوی وریابە**

**خەریکی تەزکیەی نەفس و، ڕەفیقی ئەهلی تەقوا بە**

**مەڵێ دینا نیگاری حوسنە، شێتی حوسنی ئوخرابە**

---

٧٠ - ناوی (مةلا عةبدولَلآی) کورِی مةلا محةممةدة لةسالَی (١٩٢٦) لةناوضةی (کةندیناوة)ی هةولیَر لةدایك بووة، لة (١٩٨٦/٢/٢١) لةهةولیَر کؤضی دوایی کردووة.

لەبازاڕی مەحەبەتدا، وەکو یوسف شەکیبابە
بە دنیا قەت نەبی غەڕڕا، شتێکی فیتنە پەردازە
بە زاهیر هەنگوینەو، با تینی زەهرێکی ناسازە
لەئیبراهیمەوە فێربە، تەریقەی ئیشق و ئادابی
بسوتێت هەموو گیانت، بەلاّم تۆ قەت نەسووتابی
بنرکێنە بچرپێنە، هەتاکەی دیل و ئاوابی
لەشەیتانی جنۆکەو ئادەمی، ڕزگاری ئازایە[٧١]

ئارام

---

٧١- طولَضینی طولآن لاةثةرِة (١٩١)

# بەشی چوارەم:

# پەشیمانی

### سۆزی پەشیمانی

ئیلاهی نیوەی، عومرم لەدەست چوو
نەمزانی بەخۆم، گەنجیم زایە بوو
نەفسی ئەممارەم، تۆی لەبیر بردم
هەرچی پێی خۆ ش بوو، هەستا پێی کردم
لەبێ ئەمری تۆ، درێغی نەکرد
چی بۆ هاتەپێش، ئەو دروێنەی کرد
وازی نەهێنا تا، بەفری باران

سپی کرد گۆنام، وێنەی کۆساران
ئێستە کە پیرم، شەرمم نەماوە!
تەقەم لەقاپی ماڵەکەت داوە
دەزانم کە تۆ، زۆر میهرەبانی
بۆ کەسێك بگرێت، ڕێی پەشیمانی!
تۆ بە لوتفی خۆت، بێ هانامەوە
سارێژ کە دەردم، وەزامانەوە
زۆر پەشیمانم، لەکردەوەی خۆم
چاوەڕێی لوتف و ، سۆزی عەفووی تۆم[٧٢] یاوەر هۆرامی

## لەپەر قاپیت کەوتووم، لێم ببورە ئەی خودایە!

یاخوا هاوارم، هێنایە دەرگات
ببەخشە، گونای بەندەی ڕو سیات
من کە سەر حەڵقەی شەرمە سارانم
سەرچۆپی کێشی گوناهکارانم
گێژی گێژاوی، دەریای گوناهم
لەزەمینیشدا نیە پەناهم

---

٧٢- (لۆمەی دلَێك) لاثەڕة (٤٢) یاوەر هۆرامی سالَی (٢٠٠٨) مەریوان.

شەرتی بەندەییم، نەهێنایەدی
ڕووم نیە لەبەر، ڕوو زەردی و بەدی
هەر چێکم کردووە، بە نافەرمانی
پێم نایە بیڵێم، تۆ خۆت ئەیزانی
بیشاری یەوە، یا بیدەیتە ڕووم
ڕەزام بە ڕەزات، والێرە کەوتووم[٧٣]

میرزا شەفیعی کولیانی[٧٤]

## پەشیمانی لەلای وەفایی

گوڵێکم بوو، لەدونیادا شکۆفەی باغی ڕەعنایی
لەداغی پەرچەمی شێوام، لە نێو بازاڕی ریسوایی
وەکو بولبول بە روح و دڵ، شەو رۆژ بوومە سەودایی
هەموو عومری عەزیزم چوو، لەڕێی خەندێك بەخۆڕایی
بەجاریْ ماڵی وێرانم، ئەویشم چوو ئەمیشم چوو
خواداوەندا خوداوەندا، پەشیمان پەشیمان

٧٣- (طولَضیی طولآن) لاثـةرِة (٥٣،٥٢).
٧٤- زانایةكی ئاینی كوردستانی ئیَرانة.

بەکاری ئاخیرەت نابیێم، عەجەب ئالودە دامانم
بەباری مەعسەیەت شەرمەندەم و، چاوپڕگریانم
نەدینم بوو نە دونیا، گەر نەکێشی خەت بە دیوانم
بەجارێ ماڵی وێران، ئەویشم چوو ئەمیشم چوو[٣١]

## خەجاڵەتی و ڕوو زەردی گوناح

ئارەقم کردو نەجاتی، هەر نەدام دەردی گوناح
لەرزو تا داری خەجالەت خۆم و، ڕوو زەردی گوناح
گەییە چەرخی مەعریفەت، وێڵداشی من خاکم بەسەر
من حەماموکێ ئەکەم، هێشتا لەسەر عەردی گوناح
مشتە تۆوێ دانەوێڵەی چاکە شك نابەم، کەچی

---

(٣١) (دیوانی وەفایی) لاثەڕە ()

**دائیمەن هەڵگێڕو وەرگێڕی ئەکەم، وەردی گوناح**

**ئەی خودا گەر مشتوماڵی ، لوتفی تۆ چاری نەکا**

**ئەی خودا وەك خۆرە ئاوێنەی دڵم، گەردی گوناح**

**دێڕ بە دێڕ کە شکۆڵ و دیوانی، هەموو عالەم گەڕام**

**تیا نەبوو (بێخود) وەکوو من، مونتەخەب فەردی گوناح** [٧٥]

**بێخود**

## پەشیمانی لەلای(حەمدی)

**لەترسی قەهری تۆ ڕەببی، خەریکی شین و گریانم**

**جگەر خوێنین و دڵ غەمگین و، شێت و وێت و عوریانم**

**بە دڵا فکری پڕشنگی جەحیمی قەهری تۆ دەڕوا**

٧٥- (دیوانی بیَخود) لاثةرِة (٢٢-٢٣)ضاثی يةكةم/ ئامادةكردنی محةمةدی مةلا كةريم سالَی (١٩٨٤)

**گڕێ دەگرم، دەڵێ: دۆزەخ دەسوتێ هەر بە سوتانم**
**لەکرداری منا ڕەش بوونەوە ئێسقان و گۆشت و پێست**
**بە ڕیشی سپییەوە هێشتا، سواغی ڕیشدانم**
**نە ئەمرێکم بەجێ هێنا، دڵی پێ خۆش بکەم جارێ**
**نەخۆم لادا لەنەهییەکت، موفەڕەح بێ کە ئیمانم**
**قیامەت باوەڕم نابێ، جەهەننەم من لەخۆ بگرێ**
**دەڵێ ئالودە ناکەم من، بەپیسی حەیفە دامانم**
**خەجاڵەت بووم لەئاقاری، گوناه ئالودەیی من بوو**
**گەڵێ ڕوو زەردو شەرمەندەی، بەرامبەر نەوعی عیسیانم**
**پەشیمانی ئەگەر شاخی لەئیسنان دەردەکرد بێ شك**
**لەگەردوون توند ئەبوو شاخم، بە دڵ هێندە پەشیمانم**
**حسابی خۆم دەکەم، قەستم وەهایە خۆم بسووتێنم**
**کە فکری بەحری ئیحسانت ئەکەم، پڕ ئاوە لێوانم**
**وەکو کێوی گوناه، هاتوومە بەر بارەگاهی تۆ**
**کە موحتاجی بە قەد یەك پەڕ، کاهی عەفووی غوفرانم**[٧٦]

[٧٦] - دیوانی (ئەحمدی) لاثەرِة (٦٤-٦٥) ساخكردنەوەی (جەمال محمد ئەمین) سالَی (١٩٨٤).

# ئۆباڵی هەڵەی خۆت، لەئەستۆی خۆتدایە

ئەحمەد هەردی

(ئەحمەد هەردی) شاعیر ئاوا باسی هەڵەو تاوانی مرۆڤ دەكات، كاتێك بەدەستی خۆی ئـەنجامی دەدات، ئۆباڵەكـەی هەرچـیەك بـوو، لەئەسـتۆی خۆیدایەتی ئەنجامەكەی هەرچی یەك بێت، دەبێت قبوڵی بكات بەڵام

**(نووسەری ئەم کتێبە) دەروازەیەکی ئومێدو هیوای بۆ مرۆڤی هەڵەکار هێشتۆتەوەو بەتاکە بەیتیش ماناو مەبەستە جوانەکەی (هەردی) تەواو کردووە، کە ئەویش لێخۆشبوونی پەروەردگارو گەڕانەوەیە بۆلای قاپی پڕ میهرەبانی ئەو.[٣٢]**

**بەدەستی خۆت، کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە**
**ئەگەر زەهریشی تێدابوو، گونهای خۆتە بیزانە**
**هەلەیە یاخود گوناهت کرد، لەکاتێکدا کەبێ هۆشی**
**سزاو تالاوی هەرچی بێ، ئەبێ وەك بادە بینۆشی**
**ئەگەر پیاویت و ئەیزانی، کەوا ئۆباڵی کردارت**
**لەئەستۆی وردی خۆتایە، ئیتر بێ سوودە هاوارت[٣٣]**
**گریەو زاریی پەشیمانیت، با هەر لەپەروەردگار بێ**
**هەر ئەوە تەنها ئومێدو، تاکە هیوایە کە مابێ[٣٤]**

---

[٣٣] دیوانی هەردی (ڕازی تەنیایی) ئەحمەد هەردی (١٩٨٤) لاثەڕە (٨٣).
[٣٤] ئەم بەیتە، لەئاستی توانایی مامۆستا (هەردی)دا نیە، تەنها بۆ ڕێکخستنی ماناکەي دامنا.

## بەشی پێنجەم:

# پێغەمبەر و یارانی

**جێگـەی شـانازییە بۆگـەلی کـورد ، کـە شـاعیرە دێـرین و ڕەسـەننکانی ، جوانترین شیعری خۆیان بـەباڵای پێغەمبـەردا (د.خ) گوتـووە ، شـابەیتی دیوانەکـەیان و بـەهێزترینی (قەسـیدەکانیان) بـۆ ئـەو بـووە، شـای شاعیرانی کورد (نـالی) مامۆستای قوتابخانـەی شـیعری بابـان ، جـوانترین شیعری بۆ پێغەمبەر نوسیوە و بووە بە پێشەنگ و بەدوای ئەودا سەدان شـاعیری گـەورەی کـورد ، بەهـەمان تـان و پـۆی ئـەو ڕۆیشـتوون و داهێنانیان تیاداکردووە .[٧٧] لێرەدا و سەرەتای خستنە رووی ئەم شاکارانە ، بەم شاکارەی (نالی) دەست پێدەکەین:**

---

[٧٧] ئەم راستیە سالی ١٩٩٩ لە شاری هەولیر ، (د. مارف خەزنەدار) لە کۆریکی ئەدەبیدا ، دووپاتی کردەوە .

موحەمەد ، ئەحمەدی مورسەل ، مونیری مینبەر و مەحفەل

بەشیری ئاخیرو ئەوەل، نەزیری خوێش و بێگانە

سیراجی ئەنبیا ، خەتمی روسول، نوری موبینی حەق

کە عالی کەعب و قەدر و سەدر و خاتەمی شانە

لەسەر ئەو زوڵمەت ئابادی شەوی کوفرە کە تاڵیع بوو

سەلات هەستا ، لە ئینس و جین ، کە رۆژی نوری ئیمانە

لە نەفخی سور و نەشری بەعسەتی ، دینی حەق ئیحیا بوو

لە قەبری جاهیلییەت هاتە دەر ، هەرچی موسوڵمانە

لە سایەی ئەمر و نەهی ، حەقق و باتیل بوو بە دوو فیرقە

بە میسلی فەرقی رۆژ و شەو، کە فاریق نوری ئیمانە

********

بە قوربانی علومی ئەوەڵین و ئاخیرینت بم

لە گەڵ ئەسراری قورئانت ، کەوا ئەڵتافی رەحمانە

موراد‌م زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە ، نەوەك نەعتە

بە چەن بەیتێکی کوردانە، کە قورئانت سەنا خوانە

ئەگەرچی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم ئەمما

وەسیلەم تیبەیە و حیلمی شەفیع و فەزڵی مەنانە[78]

[78] دیوانی نالی لا٥٠٤-٥١٧

مەحوی شاعیری سۆفیگەریی و خاوەنی بیری قوڵی فەلسەفی ، قەسیدەی بەحری نورەکەی ، شاکاری وەسف و ستایشی پێغەمبەرە ، لە زانکۆی ئەزهەر لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە ، بەتایبەت لە ومانایەدا کە باسی ئەوە دەکات :نوری پێغەمبەر پەرچ بۆتەوە بۆ هاوەڵانی ، ئەوەش هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکەی:

(وصلی اللە علی) ئەو بەحری نوری عیلم و عیرفانە

کە دەرکی غەوری ناکا(غیرعلم اللە سبحانە)

(وصلی اللە علی)ئەو زاتی پاکی قودسی ئایاتە

**که ئەخلاقی پەسەندیدەی ، جەنابی حەییی مەننانە**

**(وصلی اللە علی)ئەو حەزرەتەی ساحێب کەمالاتە**

**کە ئەعلا موعجیزەی ، قوربانی بم من ، نوری قورئانە**

**(تعالی اللە ) بەدوو دەه بوو، کە هەردوو عالەمی داگرت**

**بنازم بەم کەمالی عەزم و حەزم و شەوکەت و شانە**

**لەگەڵ ئەم ئیبحتیشامە، زوهدی دنیایی تەماشاکە**

**کەیەك لەت نانی جۆبوو قووتی ، یاخورما دووسێ دانە**

**موهیمێ غەیری زاتی حەی، لە هیممەتیانیە ئیلا**

**لە بەر ئەم ئومەتە بێ هیممەتە، دائیم بە ئەحزانە**

**چ مەتحێکت بکەم ، لایەق بەتۆبێ ( یا خیرەخلق اللە)**

**منی بێ خێری نالائیق، کە جبرلیلت سەناخوانە**

**لە ئادەم تا مەسیحا، ئەنبیا یەك یەك بە قەومی خۆی**

**خەبەرداوە ، لەپاش ئێمە کە دێ، ئەو فەخری ئەکوانە**

**بە زیکر و فیکری شیمەی موستەفا، وەقتت موسەفاکە**

**کە باسی ئەو سەفا بەخشە، تەرەب خێزە ،دووڕ ئەفشانە[79]**

**لە زیکری ئەو دەجۆشێ رەئفەت و ، رەحمەت دەبارێ هەم**

**رەئوفە هەم رەحیمە ، وەسفی ئەو، وەسفی رەحمانە**

---

[79] شیمة:رةوشت ، موسةفا:ثالفتةکراو ، تةرةب خيَز:خؤشی هيَنةر،دورئةفشانة:ئةوةی دور بلآو ئةکاتةوة

**خودا لەو زیکر و فیکرەم قەت نەکا غافڵ، زوبان و دڵ**

**هەتا خونچە دڵ و سۆسەن زوبانی باغ و بێستانە**

**لەرۆژی حەرب و زەڕبا، روعب و سامی رۆح ئەکا سەرسام**

**ئەگەر شێری ژیان رووبەرووی بێ ، چاری نەژیانە**

**کە وەقتێ ئال و یارانی ، لە خدمەتیا دەبن وەك رۆح**

**حەیاتە ، نوری چاوە، ئونسی جانە، مەحزی ئیحسانە**

**بە سەریانا ، بەسەر باقی سەحابە و ئال و یارانا**

**ببارێنێ خودا، هەر ئان و وەقت و ساعە(ریزوانە)**

**بە نوری عەکسی پێغەمبەر، ئەوەندە مونعەکیس ببوون**

**غەریبی تازە ، هات ودەیوت: ئەم پێغەمبەرستانە**

**ئەلا ئەی فەخری عالەم ، (رحمە للعامین)ی تۆ**

**لە دەرحەق ناکەس و کەس ، رەحم و لوتفی ئێوە یەکسانە**

**بدە ئیزن ، ئەم قەسیدە کوردیەش ،بێتە مەقامی عەرز**

**ئەگەرچی وەك شعورم، شیعرەکانیشم پەرێشانە**

**هەتا هەوری بەهار، غازەکاریی گوڵشەنە ئیشی٨٠**

**هەتا بولبول لە سەر گوڵ، نەغمەخوان و ناڵەخوازانە**

**بڵێن ئینس و مەلەك ، پڕ بەم زەمین و ئاسمانانە**

**(وصلی اللە علی) ئەو بەحری نوری عیلم و عیرفانە**

---

[٨٠] غازةكارى: رةنطاورةنطكردنى طولَ ، بؤياخى باخ

**كه دەركی غەوری ناكا(غيرعلم الله سبحانه)[81]**

## دڵی (بێخود) به دوای كێدا دەگەڕێ؟و تۆراوی چییه؟[82]

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە، تۆراوە دڵی من**
**هەر چەند ئەگەڕێم، بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من**
**ئاخۆ بە چ شاخێكەوە گیرساوە، دڵی من؟**

[81] ديوانی مەحوی لا٤١٩

٨٢- ئەم هۆنراوەیە لەلایەن هونەرمەندانی گەورەی كوردەوە زۆر بایەخی پێدراوەو كراوە بە مەقامءِ گۆرانی لەلایەن (حەسەن زیرەك، مەزهەری خالقی، تایەر تۆفیق، ناسر ڕەزازی) زۆری تر، بەڵام بەداخەوە هەموویان ئەو كۆپلەیەی كۆتایی شیعرەكەیان تەرك كردووەونەیان وتووە تەنها (م. تایەر تۆفیق) نەبێت هەمووی وەك خۆی گوتۆتەوە، قەسیدەكەی خۆی (٢٢) بەیتەء ئێمە تەنها ئەوەندەمان لێ هەڵبژاردووە كە ئەوان وازیان لێ هێناوە.

یاخود بە چ داخێکەوە! سوتاوە دڵی من؟
ئەو یسنە لەغەش خاڵیە، ئەو بێ رق و کینە
ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی و میللەت و دینە
مەعلوم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە
وامزانی کە فەوتاوە، نەفەو تاوە دڵی من
زاتێکی وەهای گرتووە، رۆحم بە فیدای ئەو
شاهان شەو رۆژ، دێنە قەدەم بۆسی گەدای ئەو
بێخود مەبە ئیتر بە ئومێد و بە تەمای ئەو
نایێتەوە لات، گەر سەری داناوە دڵی من[٨٣]

## لەوەسفی شاهی مورسەلین

ئەی شاهەنشاهی شوکوهی عیزەتی ڕووی زەمین
گەوهەری تاجی رسالەت، شەمسی بورجی مورسەلین
زینەتی نوری نبوەت، تاجداری موڵکی دین
مەتلەعی سوبحی سەعادەت مەزهەری سدق و یەقین
ئەی سپا سالاری فەوجی ئەنبیاو و مورسەلین

**ناری و تاهر بەگ** [٨٤]

---

٨٣- (دیوانی بیَخود) لاثةرِة (٧١-٧٢) ضاثی دووةم- ٢٠١١.
٨٤ - دیوانی تاهر بةطی جاف لاثةرِة (٣٤).

## من (ئەبوبەکری صدیقم) هەبێت باکم بە کەس نیە!

**خسوس خەلیفەی یەکەم، ڕەویسی فیرقەی ئیهتیدا**

**کە ئەو بوو کردی رۆحی خۆی، لەڕێی سەدا قەتدا فیدا**

**کەسێ کە پێی موبارەکی، بخاتە ژاری ئەژدەها**

**لەبەر ڕەسوڵی موحتەرەم، نەوەك گەزەندەی پێ بگا**

**یەقین بزانە ئیشی وا، لەئیشی یاری غار ئەکا**[85]

---

٨٥- دیوانی بێخود لاثةرِة (٦)

## وریابە قەڵەم باس لەخەلیفەی یەکەمە!

وریابە قەڵەم باسی ئەبوبەکری سدیقە
ئیمانی، کە دەریایەکی بێ حەدو عەمیقە
پیرێکی جوان مەردە لەتەسدیقی نەبیدا
ئەو عاشقە، بەو عەشقە بکرێن عەشقی حەقیقە
مۆمین کە ئەمانەی هەیە، باکی چیە ئاخر
گەر قەبرە، ئەگەر وەیلە، ئەگەر ناری حەریقە[٨٦]

---

٨٦- ديوانى (حةمدى) لاثةرِة (١١٠) ضاثى يةكةم (١٩٨٤).

## وەکو ئیمامی (عەلی) بژی!

ئەی دڵ وەرە تۆ خادیمی دەرباری (عەلی)بە
هەر عاشقی لە عەلی لەبی خەندانی (عەلی)بە
خەوفت نە تیر بێ، نە لەخەنجەر نە لەشمشێر
مەجروح و جەریح، خەستەی موژگانی (عەلی)بە
هەر چەندە کە پەروەردەی ناوی (سونی)ی زێوەر

**وەك ئەهلی تەشویوع، بە فیدای جانی (عەلی)بە[٨٧]**

★★★★★★

**لەگەڵ كەسێ حەبیبی خۆی، خوا كە بووی عینایەتی**

**بەیانی وەسفی ئەو ئەكا (هل أتى) بە ئایەتی[٨٨]**

**لەرۆژی فەتحی خەیبەرا، بە زۆرو شان و رایەتی**

**بەدەست و تیغی هەڵەتی، لەشێری كردگار ئەكا[٨٩]**

**وەك مەدینە بێ (نەبی) بێ، یا نەجەف بێ، بێ (عەلی)**

**شاری خەزنەش، ئێستە بێ مەحمووده وەك داریكەلی**

**حەیفە ئەو جی ئاسمان، بێ زینەتی خورشیدو ماه**

**ساخوا بیكەی وەكو خورشید درەخشان مونجەلی[٩٠]**

---

٨٧- دیوانی زێنوەر

٨٨- ئاماذة بۆ ئايەتی [وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ...]

٨٩- دیوانی بێخود لاثەرِة (٦)

٩٠- دیوانی (حەمدی) لاثەرِة (١٨٢)

## نووری محەمەد

بەو نورە کە زاهیر بوو، لەسەر رووی محەمەد

عالەم هەموو ئاشفتەبوو، وەك موویی محەمەد

لالە وەکو من ، سینەی پڕ حەسرەت و داخە

تا دیویەتی ، روخسارەی گوڵ بۆی محەمەد

رۆح و دڵ و دینت هەیە، هەرسێکی (حەریقی)

سەرفی کە لە رێی وەسف و سەناجۆیی محەمەدا[91]

[91] دیوانی (حەریق) لا١٣٩

ناوت لە سەرووی هەمووانە!

وتیان لە ناو فەزای شیعری شاعیرانا

ناوت لە سەرووی هەمووانە

مانگە لەنێو، ئەستێرەی وشەکانیانا

ئێوە وتتان نالی نەهاتە خاکی تۆ

## هەتا زانی:

(بەسەگ نابێ مولەوەس ، ئاوی زەرقا بەحری ئیحسانە )

وتیان مەحوی، تاوێ غەرقی بەحری نوورە

لەمەدینە دڵە وێڵ ودێوانەکەی بێخودتان نەدۆزیەوە؟

( لەو رۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دڵی ئەو

هەرچەند ئەگەڕێ بێ سەروشوێن ماوە دڵی ئەو )٩٢

---

[٩٢] ثێغةمبةريَتى موحةمةد/ نةبةز هةورامى لا ٧٢ /٢٠١١

## بەشی شەشەم:

# رەوشت و ئاکار

**کاتێك پیاو خراپان، دەبنە کار بەدەست!**

لەم زەمانەدا، پیاوی ڕاست و چاك
ئیشیان زۆر لەنگە، گەر هەبێ تاك تاك
ئێستە ئینسانی پیس و نالەبار
پیاوی ساختەچی و درۆزن و بەدکار
ئیشیان بالأیەو، ناسراوو دیارن
وان لەبرەودا، گەورەی ناوشارن
زیاتر لەداخی، پیاوی ڕیاکار
لەداخی پیاوی، دووڕوو نالەبار
هەموو ناودڵم، پڕ لەزوخاوە
هەمووی بەجارێ، ڕەش داگیرساوە
ئاخۆ چ ڕۆژێك، ئەم نا پیاوانە
ئەم بێ مەبدەئو، ڕەوشت پیسانە

قەدەغە ئەکرێن، هەتاکو مردن
یا بەناچاری، ڕێگەی ڕاست ئەگرن.[٩٣]
موحەممەد ڕەسوڵ (هاوار)

## ئێمە ئاشتی خوازین

ئاشتیخوازین، پێشوانمان گەلانە
کۆتری سپی ئالأمان ناونیشانە
ڕێگامان ڕێی برایەتی ئینسانە
ناکۆکی و شەڕ نەهێشتن ئامانجانە
.....
باسی ئاشتی، ئامانجی خەباتمانە
ئاشتی ڕێگای ڕزگاریی ولأتمانە
کاتی ئاشتی کاتی خۆشی و هاتمانە
هۆی تێر بوون پۆشتە بوونی لاتمانە
باوەڕمان وایە:
ناکۆی شەڕی لەدوایە
شەڕ هۆی وێرانی دونیایە

٩٣- موحەممەد ڕەسوڵ هاوار لاثەرِة (٩) ئامادەکردنی د. عوسمان دەستیء سدیق ساڵح/ ٢٠٠٧ سلێمانی.

**هەر دۆست و گەلان**
**ئەپارێزێ، ئاشتی جیهان**
**فەڕ ئەخاتە، ژینی ئینسان[٩٤]**

## پیاوی گەورەمان ناوێ!

**پیاوی گەورەمان نایەتە بەردڵ**
**تاکو ئەو ڕۆژەی، ئەچێتە ژێر گڵ**
**ئینجا بۆ ئەگرین، بە جۆش و بە کوڵ**
**گۆڕەکەی ئەکەین، بە باخچەو بە گوڵ**
**بازێ کە بەر بوو، لەدەستت دەرچوو**
**بۆ مردوو مەگری، بگری بۆ زیندوو[٩٥]**

---

٩٤- دیوانی (طؤران) لاثةرِة (٣١١- ٣١٢).
٩٥- دیوانی موفتی ثيَنجويَنی لاثةرِة (٢٠٢) ضاثی يةكةم (١٩٩٠)

# با هەمووومان، یەکبین و برابین

ئاشنا وەرە، با ئاشنا بین
لەئاشنا چاکتر، هەروەك برا بین
نەتبیستوە برا، لەپشت برا بێ
مەگەر موقەدەر، لەلای خوا بێ
کۆمەڵێ ڕێوی، شێر ئەشکێنن
پۆلە چۆلەکە، باز ئەفرێنن
تەنها پەنجەیەك، هیچی پێ ناکرێ
کە گرتت بە پێنج، کێ بەرگەی ئەگرێ
ئێستەش من و تۆ، باوە برا بین
وەکو پەروانەو، شوعلەی چرا بین
من من و تۆ تۆ، نەیەنینە ناو کار
گوێ نەدەین بە قەول، مرۆڤی بەدکار
بە دڵێکی پاك، بۆیەك خەمخوار بین
بۆ سوودی یەکتر، دایم هوشیار بین
کە هات، هاو خوێن و، کوڕی یەك خاك بین
ئەبێ دەرحەق یەك، بۆچی ناپاك بین
تەماع نەکەینە، ناموسی یەکتر
بۆ ڕۆحی یەکتر، نەبین بە ئاگر

**باو باپیرمان، وا بوونایە زوو**

**ئێستە ئێش ئێمە، لەجێی تر دەبوو**

**من مەنعیان ناکەم، زەمان وەهابوو**

**ئیختیار بەدەست، پیاوی بەلاّ بوو**

**کوێر دەستت کێشێ، ئەتخاتە ناو چاڵ**

**تیایا دەرنایەی، هەتا هەزار ساڵ** [٩٦]

## هەقبێژی مانا بە ژیان دەبەخشێت

**بە هەق هەر هەق بەناهەق ناهەقم گرتووە لەرۆرلێ بووم**

**وەکو مەنسور، ئەگەر بشمکوژن ناکەن لەهەق لادەم**[٩٧]

....

**هەتا هەق ناسیرە، هەر هەقمە مەترۆرِ**

**وەکو مەنسور، ئەگەر بمکەن بە دارا**

**نەگەیمە ئەو شۆخەو گەیشتمە پیری**

**مەدیا پیری پیرانی بوخارا**[٩٨]

---

٩٦- دیوانی (قانع) لاةثةرِة (٣٧٣-٣٧٤) كؤكردنةوةی بورهان قانع/ سالَی (١٣٨٦) تاران.
٩٧- دیوانی مةحوی لاثةرِة(٢٢٧)
٩٨- هةمان سةرضاوةی ثيَشوو لاثةرِة( ٨ )

....

ئەوەی هەق بێژە، قەولی ترش و تاڵە
ئەمن هەرچی ئەڵێم، ئەیکەن بە گاڵە
خەیاڵی ژێر لێفەی شەو بەتاڵە
هەتا ڕەنجی نەدەی، گەنجێ بەتاڵە[99]

## ئامۆژگاری (پاکی) بۆ میللەتەکەی

ئەم بگرەو بەردە، ئەم هاتوو چۆیە
ئەم بخۆو برۆ، ئەم هەشت و نۆیە
لەم کورتە ژینەی، بۆ من و تۆیە
بۆ لەتێ نان و بۆ قومێ دۆیە

** ** **

هەزار دار ببڕی، هەر ئەڕوێتەوە
سەد تیر لەگۆشت دەی چا دەبێتەوە
پشکۆی ڕق نەبێ کاتێ کەوتە دڵ
بە ئاوی سیروان، ناکوژێتەوە

** ** **

دڵ بە هیچ لەت لەت نەبوو، لەتی لەتی ناوخۆ نەبێ
دوورە ئالأی ببینم، تا هەموو هێز کۆ، نەبێ
کوشتمی ئاخ، خۆپەرستی و بەرژەوەندی تایبەتی
یەکگرن کەی یەك دەبن، ئاخر ئەگەر ئەمرۆ نەبێ [100]

---

٩٩- دیوانی موفتی ثێنجویێنی لاثەرِة (١٣٣).

## بێ هیوایی، گوناهێکی گەورەیە

برام مەلی نائومێدی لەدرەختی دڵت دەرکە
بەهۆشێکی کراوەوە سەیری دونیاو دەوروبەر کە
تۆ خودایەکت لەگەڵدایە دونیاو دوارۆژی بەدەستە
گەر بێ هیوای، من نازانم لەکوێت هێناوە ئەم هەستە
هەرچی کە ئازارت دەدا، لەنا ئومێدی و ڕەشبینی
سەرچاوەکەی ئەهریمەن و درۆیەکی دەست هەڵبەستە
برام لەئەم ژیانەدا، دەبێ تۆ ڕەمزی هیوا بی
دەبێ بۆ کاروانی هەق و، ئازادی ژین پێشەوا بی
دەبێ کاتێ کەوا خەڵکی ژەهری ڕەش بینی هەڵمژی
تۆ ورەبی لەناو دڵدا، تۆ سۆما بی لەچاوا بی
دەدەی برام بۆ پێشەوە، دەی چاو ببڕەوە ئاسۆی ڕوون
با دڵی گەورەت ببێتە ترپەیەکی دڵی گەردوون
با ببێتە ڕێژنەی باران، بباریتە سەر ڕوو زەمین
تۆ دەرختێکی یاخی بی، لەبەردەم مەرگ ووشك بوون[١٠١]

---

١٠٠- دیوانی (ئاکی) لاثةرِة (٢٨٢، ٢٨٣، ٢٨٦) سالَی (٢٠٠٤) بورهان سةيد طولَ- هةولێر.
١٠١- دیوانی (داستانی ئةوین) ئةبوبةكر كاروانی سالَی (٢٠١٢) لاةثةرِة (٨٩-٩٠).

## بیٚ دادپەروەری، ژیان ویٚرانە

ئەی یاد، ئەی شاگوڵ ئەی یاد

من عاشقی تۆم، ئەی داد

بینە ئەم ژیانە

بیٚ تۆیە، وا ویٚرانە

نەسیمی بەری بەیانی

ئاوازی سەر لیٚوانی

کوشتەی نەبوونی دادین

تینوی سیمای ئازادیین

بوونی ئازاد ئەخوازین

بیٚ تۆیە، وا بیٚنازین

برایی، با بالاٚبیٚ

جیایی ، با ئاوابیٚ

ئەی داد ! ئەی داد! من عاشقی تۆم ئەی داد[١٠٢] گۆران عباس

١٠٢ - (خەمەکانی نیشتمان) لاثەرِة (٣٢٤) طؤرانی عەباس/ سالَی (٢٠٠٣) سليَمانی.

## له باتی بەرد، دڵمان پێیە !

لەباتی بەرد دڵمان پێیە
لەجیاتی قامچی زۆرداران
گوڵمان پێیە!
نەك مێژووتان، ناكەین بە مسی تواوەو
بەسەرتانا، نایكەنە خوار
لەبری مەرگ، گەنم چێنین
لەپای دڕك و داڵی سزا
گوڵ دەڕوێنین
حەز دەكەین، كە ڕەنجی ئێوەش
بێتە ئازار
بۆ ژانی لەدایك بوونی
سپێدەی مەرگی شەوی تار
حەز دەكەین شەونمی بەیان

گشت دڵەکانتان بکاتەوە

قاسپەی کەوی برایەتی

لەچیای ژین دەنگ باتەوە

تاکو ڕوبارەکەی ژیان

سپی و کەفچڕوو زیون بێ

ئەم زەمینەش

ئامێزی سۆزو ئەوین بێ [١٠٣]

## پشت بە دۆستی سەر سفرە مەبەستە

لەدنیادا بەهیچ کەس، پشت مەبەستە

ئەوەی مایەی ژیانە، هێزی دەستە

کە دەستت بوو، هەموو کەس دۆست و کەستە

قسەو باسیان، وەکو ماستاوی خەستە

لەرۆژی خۆشیا، دۆستت لەلایە

---

١٠٣- (داستانی ئەوین) ئەبوبەكر كاروانی لاثەڕة (١٧٦-١٧٧)

بلێ دۆستی درۆزن، وەك بەڵایە

ئەگەر جاهیل، وەکو باب و برات بێ

لەکەوتندا، لەتۆ دوورو کەلایە[١٠٤]

شێخ لەتیفی شیخ مەحمودی نەمر[١٠٥]

## برایەتی ڕاستەقینە

موسڵمانان برامن

جێی ئومێدو هیوامن

براش برای خۆش ئەوێ

پێی خۆشە هەر سەرکەوێ

تەماع ناکەمە گیانیان

دەست نابەم بۆ سامانیان

بەو پەڕی ژیریی و هێزن

شەرەفیان ئەپارێزم

خوا خۆی کردوونی بە برام

بەهاو ئامانج و هاو ڕێگام

فەرموون بەرەو برایی

تار نێن شەوگاری جیایی[١٠٦]

جەمال بێدار

---

[١٠٤]- (طولَی وةريو) لاثةرِة (٦٩) بةشيَك لةهؤنراوةى شيَخ لةتيفى شيَخ مةحمودى نةمر / سالَى (١٩٧٥)

[١٠٥]- لةسالَى (١٩١٧) لةسليَمانى لةدايك بووة لة (١٩٧٢/٥/١٢) لة بةغداد كؤضى دوايى كردووة.

١٠٦- (سروةى بيَدارى) لاثةرِة (٣٩) جةمال حةبيب الله (بيَدار)

## بەشی حەوتەم :

# ژیان و مردن

## مرۆڤ لەکوێوە بەرەو کوێ؟

ئادەمی بەرهەمی کەمێ قورو ئاو
دایکی حەوای کردە جێ گەرا بۆ پیاو
دەوری ساوایەتی شل و خاوی
خەمڕەوێنی دڵ و لەبەر چاوی
تا دەساڵی بزۆ زۆ چالاکی
بێ گزی و ڕاست و دەست و دڵپاکی
لەدە تا بیست، بەهاری ژین دادێ
باوی یار گرتن و ئەوین دادێ
بیست و سێ، ئەرکی ماڵ و منداڵە
خۆش و شیرین و جاروبار تاڵە
هەرەمی هێزو بەرهەمە تا چل
پێت گەیاندوون نەمامی شەنگ و شل
چل و پەنجا، نەوەت بە باوەشەوە
تاڵی تاڵی چەرموگ لکان، بە موی ڕەشەوە
پوخت و پاراویی ژین، لەپەنجایە
دێتە ڕوو، ڕەنج و سوود سەرمایە
لەپلەی شەت بە تەجرو بەو ژیری

**پلەیەك دابەزیی، بەرەو پیری**
**چوویتە حەفتا بە کۆخە کۆخ و تورە**
**دەست و ئەژنۆ دەلەرزێ، پشت کۆرە**
**سواری هەشتای، هەناسەشت سوارە**
**لای دەڕۆی، لاقی سێ هەمت دارە**
**لەنەوەد مەرگە، پێی دەڵێن ژینە**
**بەرفری بەر، سورەتاوی هاوینە**
**پاش سەد، وەك منالی، یەك سالی**
**شیرە خۆری، بەلاّم بە خوێن تالی**
**باوەشی گەرمی گۆڕ کراوەتەوە**
**هەرچی خاك داویە، بۆی گەڕاوەتەوە**[١٠٧]

١٠٧- هةذار موكرياني (هةذار بؤ كوردستان) لاثةرِة (٢٢٠) سنة (١٣٩٣ه) هةذار موكرياني.

# گیان ( رۆح )چییە؟

# بەرەو کوێ دەچێ؟

گۆران[١٠٨]

نازانم تۆ چیت ئەی گیان؟ یاری نازداری ژیان

هێزی لەش جوولاًندنم هۆی گەرم و ساردو

چەشتنم

تینی دڵەی پڕ جۆشم بزوێنی بیرو هۆشم

نازانم تۆچیت؟ من چیم؟ تۆ منیت. یا من تۆ نیم

تۆو ژیان کامتان کامن؟ کامتان نەوتی چرامن

نازانم و حەیرانم ئەی تەسلیمی ژیانم

هەر ئەوەندەم لێ ڕوونە ئەنجام لەیەك جوێبوونەوە

تۆ ون ئەبی، لەشێ ئەمرێ لەش بەیادگاری قەبرێ

جێ دێڵێ تازەمانێ بەلاًم ئەی گیان، تۆ کوانێ

بەڵگەی مان و نەمانت قەبرت یا ناو نیشانت[١٠٩]

١٠٨ - دیوانی (طؤران) لاثەڕة (١٧٨) ضاثی ضوارةم ١٣٨٩

١٠٩- ئةم هؤنراوةیة باسی [وَیَسْأَلُونَكَ عَنْ الرُّوحِ]

## کاتی ژیانت بە فیڕۆمەدە، قیامەت لەپێشە

لەناکەس کاریا، خاکم بەسەر، ڕۆیی بەبا عومرم

خودا تۆ بمژێنە، تا لەبەر قاپیت، کەسێ دەمرم

بەزایع چوو لە (مالایعنی) یا وەقتم هەمم، یەعنی

دەبێ وەقتێ لە (بوالوقت)ێ بخوازم تیا بمرم

ئەجەل دەورەم دەدا، حازربە وادەی دەورو تەسلیمە

من غەفڵەت زەدە هێشتا، خەریکی مەسئەلەی دەورم

خەیاڵی پوچی دنیا، وا دەماغ و دڵمی پێچاوە

قیامەت، هەر مەگەر ڕۆژێ قیامەت، بێتەوە فکرم

لەپێ کەوتوم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ

لەبەرپیری سەرم خۆی ناگرێت و، تازە پێدەگرم

چیە سوچو گوناهی؟ بۆچی دەیکاتە جەزا خانە

لەقەبر هەڵکەن، هەتا ڕۆژی جەزا، دەعواچیە قەبرم

سبەینێ (یُحشرُ المرو)ە براگەل، فرسەتە ئەمڕۆ

تەبەڕ ڕابن لەمەن، با کەس نەبێ حەشری لەگەڵ حەشرم

لەمەن نازانم ئیتر نەفسی بەدخوو، چیی دەوێ (مەحوی)

کە بەدکردارو بەد ڕەفتارو بەد ئەفکارو بەدتتەورم

مەگەر بەر مەوجی بەحری رەحمەتم خا، وەسفی سەتتاریی
وەگەرنا، زەحمەتە پابونەوەم، نا مومکینە سەترم [110]
مەحوی

---

١١٠- (ديوانى مەحوى) لاثەرِة (٢٢١-٢٢٢).

## چاڵەکەی  سەر ڕێگای ژیان، لەدیدی بابا تاهیرەوە

بڵێین جێگەت ئاسمانی چوارەمینە

بەڵام گورگی مەرگت، هەر لە کەمینە

هەزاران ساڵی، لەدنیادا بکەی گەشت

لەدوایدا شوێنت، دووتوێی زەمینە

.....

مەڵێ بم سەرچیاکانیش وەتەن نابێ

بەباڵ بفرم، بۆ هەر لایەك چیمەن بێ

نەهێزێکم هەیە ئێستا، نە سامان

مەگەر بمرم، بەڕووباڵم کفتبێ

.....

جارێ ڕێم کەوتە ناو گۆڕستانێ

هاتە گوێم دەنگی بەکوڵ گریانێ

دیم ئێسقانێکە، لە خاکا ئەڵێ

خۆشی و لەزەتی، سەر زەوی کوانێ؟

دەنگێ هاتە گوێم ووتی: ئەزانی؟

دەردی دڵی تۆ، نیە دەرمانێ!

لاشەت گەوهەر بێ، خاك دای ئەپۆشێ

**بێنرخە دنیا، بێ بایەخ جوانی**

........

**دیارە ئەی دڵ؟ لەڕێگەی دوورنیتە باك**

**لەتاری گۆڕ، لە ئاگری سور نیتە باك**

**نازانی کەچ ڕۆژێکت لە پێشە؟**

**ئەبیتە لانەی مارو موور، نیتە باك**

**کە وێنەی شاخێ، کە بورکانێ لێی دابێ**

**یان تەلارێ، تەواو وێران کرابێ**

**لە دەشتی پیریا، ئاوایە حاڵم**

**نەما جاونیم، خودا مردن دەبابێ**[111]

---

[111] طةنجينة (ضوارينةكانى بابا تاهيرى هةمةدانى) وةرطيَرِانى رازى/١٩٨٤

## (مەحوی) ئاوا باسی ماڵ ئاوایی یەکجاریی لەژیان کردووە

بەجێ نابێ ، دەبێ رووبکەینە سارا

حەقی ئادابی مەجنونی، لەشارا

هەتا هەق ناسیرە، هەر هەقمە مەنزور

وەکو (مەنسور) ئەگەر بمکەن بەدارا

کەشك بەم (مەحویا) هەر شەربەتی مەرگ

لەسەر ئەرزا نیە، ئاو گەوارا[١١٢]

---

ئەزانم بادیەی عیشقە خەتەرناك

کەچی هەر چووم، ئەگەر ماوم ئەگەر چووم

لەحینی نەزعی رۆحا، رۆحی عاشق وتی:

ئۆخەی لەم میحنەت خانە دەرچوم[١١٣]

لەناکەس کاریا، خاکم بەسەر، ڕۆیی بەبا عومرم

خودا تۆ بمژێنە، تا لەبەر قاپیت، کەسێ دەمرم

ئەجەل دەورەم دەدا، حازربە وادەی دەورو تەسلیمە

من غەفڵەت زەدە هێشتا، خەریکی مەسئەلەی دەورم

---

١١٢- دیوانی مةحوى لاثةرِة (١٠).

١١٣- لاثةرِة (٢٢٥).

**چیه سوچو گوناهی؟ بۆچی دەیکاتە جەزا خانە**

**لەقەبر هەلْکەن، هەتا رۆژی جەزا، دەعواچیە قەبرم**

**مەگەر بەر مەوجی بەحری رەحمەتم خا، وەسفی سەتتاریی**

**وەگەرنا، زەحمەتە پابونەوەم، نا مومکینە حەشرم** [114]

---

١١٤- لاثەرِة (٢٢٠).

# شەرابی مردن

مـردن لـە قورئانـدا وەك شـەرابو شـەربەت نۆشـیەن باسـكراوە (كل نقـس ژائقـه المـوت) البقـره (١٨٥) ، زۆر لەشـاعیران بـە شـەربەت باسـیان لەكاتی مردن كردووە وەك (كرێكار).

شەرابی ئاكامە مردن، پێی ئەگەی
نۆشی ئەكەی
قوڕ بەسەر خاكت بەدامان، بۆ فەرامۆشی ئەكە؟
مردنە ساتێ لەپڕدێ، گۆڕی تەنگ و تارە جێت
فیترەیە (باوەڕ) ڕوناكە، خۆت بۆ خامۆش ئەكە؟[115]

.........

ئێوارەی ژین بەسەرداهات، ناچار بازاری هەڵبگری
بەرەو گۆڕی تەنگی تارت، بە تەنها ملی ڕێ بگری
گوناهت كرد، تامی ڕۆیی، سزاكەی وا چاوەڕێتە
دە فرمێسكی پەشیمانی هەڵوەرێنە، هەتا ئەمری[116]

---

١١٥- (دیوانی ذانی بوون) م. نەجمەدین كرێكار .
١١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## بەشی هەشتەم:

# موناجاتی عارفان

# خودایە ئاواتەکانم بهێنەرەدی

مامۆستا (عومـەر ڕێشاوی) (ڕەحمـەتی) ئەوکاتـەی ماڵیـان لەهـەولێر بـوو لەگـەڕەکی (٩٩)، سـپێدە زوو دەچـووە بەشـی نـاوخۆیی قوتابیـان‌و پێش نوێژی بـۆ ئـەو گەنجانـە دەکـردو جارجارەش بەشێوازە کاریگـەرو ناوازەکەی تەفسیری ئایەتێك، یاخود بابەتێکی ئیمانی بۆ باس دەکردن.

کـە ئـەو پیـاوەت ئـەبینی، هەسـتت دەکـرد چـەپێك نـورو سـۆزو ئیمانداریی‌و ڕێبوارێکی غەریبە نەك لەشاردا، بەڵکو لـەم جیهانـەداو بـە تەمای کاروانە بکەوێتەڕێ.

ڕۆژێـك پـێش کۆچـی دوایـی‌و لـەناو دەفتـەری یادەوەریەکانیـدا ئـەم سـۆزەی دەربـڕی بـوو، خـێرا لـەکوڕەکانیم وەرگـرت‌و بـۆ ئـەو هەفتەیـە لەرۆژنامەی (داهێنان)دا بڵاوم کردەوە.

## خودایە

خودایە ڕۆژگارەکانت... بەڕەزامەندیتەوە

جا پێیان بەختەوەر ئەبم...

ساتەکانت لەگەڵ خۆتا... جا پێیان دەگەشێمەوە

بەهەشتەکەت لەگەڵ دیدارتا... جا تیا دەحەسێمەوە

ئایەتەکانت فەرهەنگی گیانم... هەردەم بۆیان دەشنێمەوە

بەرنامەکەت لەولاتاندا... تا سەرکەوێ، بە ئاواتی دەتلێمەوە

با لەبەرم بێ قورئانەکەت... جا ئەو سا سەر ئەنێمەوە

**بەهاتنی دوو فریشتەکەت بۆ ناو گۆڕم...دەحەسێمەوە**

**ئەوان هاتوون سەردانی من کەن... بۆ لێیان دەسڵەمێمەوە**

**بەدەوریانا دەخولێمەوە**

**خودایە... خودایە[117]**

**عمر ڕێشاوی**

---

١١٧ ـ دةقةكة لةناميلكة دةست خةتةكة وةرم طرتووة كة مامؤستا نووسيبووى.

## ئەكەرم عەنەبی

## ئاوا موناجانی پەروەردگاری دەكات

ئیلاهی

نزیكیت ولەتۆ دوورم

ئەمبینیت و

من بە بینایی لێڵی عەقڵەوە، وێڵم لەدووت!

گوێت لەهاوارمەو

من لەئاست ڕازەكانی تۆدا كەڕم

ئەی تۆ بینایی دیدەی من

ئەی تۆ غەم و خۆشبەختی من

ئەی تۆ شاه و سەروەری من

ئەی تەبیبی دڵەی بەسۆم

وەی تەبیبی دڵەی شەیدام

ئیلاهی

ئەی داپۆشەری نەنگییەكان

دامانبپۆشە!

ئێمەیەك، كە سەراپامان نەنگی و

سەرەتاشمان هەر ڕوو نییە!

**با لەم عەیب خانەیەدا**

**ڕیسوا نەبین!**

**ئیلاهی**

**من فیدای، سەرتاریی تۆبم**

**ئیلاهی**

**من غەڕڕای، غەفاری تۆ بم[118]**

**(هۆ اللۆَّلُ ۆالئخِرُ ۆالڤَّاهِرُ ۆالبٚاگِنُ)**

## پاڕانەوەو موناجات لەگەڵ خودا

**ئیلاهی: گەرچی دەروێشمو هیچم نیە، بەڵام لەمن دەوڵەمەندتر کێیە؟**

**کە تۆ خاوەن و خالقی منی**

**ئیلاهی: ئەوەی کە سەرمایەی هەیەو کەڵکی لێ نابینێ**

**ئەوە لەگەدا گرفتارو بێ چارەترە!**

**ئیلاهی: دەکرێ خۆش بە حاڵی (علیین) کە جگە لەتۆ نابێت و نازانن**

**ئیلاهی: دەکرێ گورك و پلەنگ، ڕام بکرێن و بگیرێن،**

**بەڵام دەبێ لەگەڵ (نەفسی) سەرکەش چی بکەین؟**

**ئیلاهی: بت شکاندن کارێکی زۆر ساناو ئاسانترە**

١١٨- (ئيلاهى نامة) لاثةرِة (١٧-٦٠) م. ئةكرةم عةنةبى ضاثى دووةم/ ٢٠٠٨سليَمانى.

لەشکاندنی بتی زۆر دژواری (نەفس)

خۆ ش بەحاڵی ئەوەی کە لەئوممەتی (ئیبراهیمی خەلیل)ەو

دەتوانێ هەردووکیان بشکێنێ

ئیلاهی: خۆش بەحاڵی ئەوەی کە هەردەم ئاگای لەپەیمان و بەڵێنەو

هەمیشەش چاوی لەدیداری (حق)ە

ئیلاهی: من ناڵێم کە زاڵم نیم، بەلاّم سوپاس بۆتۆ،

کە بەکرێگیراو ئەڵقە لەگوێی زاڵمان نیم

دۆستی دوژمنانت و دوژمنی دۆستانت نیم

ئیلاهی: گەر (الله... الله) گوتن بە زمان ئەوەندە بەرەکەتی هەبێت؟

ئاخۆ گەر بەڕاستی بیڵێین دەبێ خێرو بەرەکەتی چەندە بێ؟

ئیلاهی: ترسم لەنەفسی خۆم زیاترە وەك لەشەیتان،

چون ئەم دوژمنێکی بێگانەو دەرەکیە، بەلاّم ئەو

دوژمنێکی هاوماڵ ئاشنایە

ئیلاهی: ئەم بەندەیەت لە ...... بۆ گوناه و تاوان

دوور بخەرەوە یارب!

ئیلاهی: خەڵکی وا هەیە دەڵێت (خوایە پێمان بدە)

منیش دەڵێم: خوایە لێم وەربگرە

(ربنا تقبل منا انك انت السميع العليم)

حەسەن زادە ئاملی[119]

---

١١٩- (ئیلاهی نامة) نوسینی حةسةن زادة ئاملی لاثةرِة (١٠-٤٤) وةرطيَرِانی (زوبيَر عارف) لةفارسيةوة.

# بەشی نۆیەم :

# حیکمەتی شاعیرەکان

## لەحیکمەتی شیعری حاجی قادری کۆیی

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لەبۆتانەوە هەتا بابان
یەك یەك حافیزی شەریعەت بوون
سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون
.........
شاعیری شێخ و خواجە دەربەدەرن
لەقسەی بێ نەتیجەدا دەمرن
باسی زوڵفی درێژو چاوی بە خەو
نەبڕایەوە بووە، تیری خەسرەو
بە قسەی سادە برسی تێر نابێ
عەمەلە، عیزی دین و دنیا بێ
ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ
بە تەڕانیش حەمام گەرم نابێ
چاوەکەم تۆش پیر دەبی، ڕیشت دەبێتە گۆڕەوی
وەك بفەرمووی من فلاّنم، پێت دەڵێن تو خوا هەوی
.......
مەسجیدو میحراب و مینبەر بێ کەسە
هەر مەپرسە حالّی چۆنە، مەدرەسە

**ژیان و مردن، عەینی سێبەرو تاوە**

**ئەوەی باقی دەمێنێ، هەر ناوە**[١٢٠]

**ژن ژیانە، بێ ژن ژین وێرانە!**

---

[١٢٠]- سەرضاوة (ديوانی حاجی قادری كؤی) لێكؤلَینەوەی سەردار ميران و كەريم شارەزا- ضاثی سنة (٢٠٠٧) لاثەرِەكانی (١٨١، ١٩٧، ٢٢٧، ١٧٠).

گەر خودا بیدا بە چاکی، دەولەتی شاهانە ژن
نیعمەتێکە وەك بەهشت و، هاودەمی پیاوانە ژن
بۆ دڵێکی بێ خەم و شەخسێکی بێ دەردو ئەلەم
گەوهەرێکی شەو چراغی ژوورو بەر هەیوانە ژن
باعیسی ئارامی قەلب و مەرهەمی دەردوو برین
بۆ هەموو دەردێ دەوا بەخشێکە، وەك لوقمانە ژن
دەوڵەتێکی پڕ لەشەوق و زەوقە، دایم بۆ بەشەر
نیعەتێکی خۆشەویست و بێ سەرو سامانە ژن
.......
کەی گوڵ و گوڵزاری باخاتی ئیرەم وەك ئەو ئەبێ
باخی ساحێب زینەت و پڕ لوئلوئی مەرجانە ژن
بۆ کەسێ نوری سولەیمانی لەقەلبابێ یەقین
پایەی مەحکەم کردنی، هەم دین و هەم ئیمانە ژن[١٣١]

## ئەم شەوچرا، لەگەڵ دڵمدا دەگریا، بەڵام بۆ کێ؟

١٢١- دیوانی موفتی ثێنجوێنی لاثەرة (١٥٦) ضاثی یەكەم (١٩٩٠)

**دڵم بۆ زلّف و ڕووی جانانه ئەگری**

**مناڵەو بۆ گوڵ و ریحانه ئەگری**

**چرا ئیمشەو، کەوا فرمێسك ئەڕێژێ**

**ئەڵێی هەر بۆمنی، پەروانه ئەگری**

**چییه؟ پیری دڵ ئیمشەو، وەك عەرەق خۆر**

**لەکونجی تەکیه، بۆ مەیخانه ئەگری**

**براتانه بیه تۆزو گەردی بەرپێ**

**بە زەحمەت، چاکی ئەو دامانه ئەگری**

**لەدڵ تا گەنجی یادی کێیه (بێخود)**

**کە ئیمشەو نۆبەتی ویرانه ئەگری**[١٢٢]

## لەگەڵ زمانه زیوینەکەی زێوەری شاعیردا[١٢٣]

١٢٢- دیوانی (بێخود) لاپەڕە (١١١،١١٢) چاپی دووەم (٢٠١١)، ئەم هۆنراوەیە لەلایەن هونەرمەندی گەورەی کورد (عەدنان کەریم) بەئاوازێکی بەرزو کاریگەری وەها گوتویەتی، دڵی مردوو زیندوو دەکاتەوە.

١٢٣ - دیوانی زێوەر لاپەڕە ١٠ کۆکردنەوەی.

## دەست بە ئاینی خۆتانەوە بگرن

هەر دینێکیان بوو، بگرە ئەو دینە
ئەمە ڕەوشتی، قەومی دوور بینە
میللەتی ژاپۆن، کە زۆر پێشکەوتوون
لەسایەی عیلم و مەعریفەت فێربوون
لەگەڵ ئەم حاڵەش، کەوا زۆر بەرزە
شوێن عادەتی کۆن، لەلایەن فەرزە
دین و ئاینت، کەوا بوویانە
تێکیان نەداوە، هەر لەم زەمانە

ئەتۆش بە خوێندن، هیچ مەغروور مەبە
لەدینی باوباپیر، دوور مەبە
دینە ئەمر ئەکا، لەشەڕی دوژمن
ببە بە قەڵغان، بۆ پاسی وەتەن
دینە ئەمر ئەکا، بە یاریدەدان
لەگەڵ یەکتری، وەختی لێقەومان
عیلمت بخوێنە، دینت ڕاگرە
دین لەکردەوەی خراپ ڕێگرە!

تۆش موسڵمانی ئاینی ئیسلام

فەرامۆش مەکە، ئیتر وەسەلام

## کەس و ناکەس لەدیدگای (مەحوی)دا

چیبکەم؟ نە ئەو کەسەم کەسم بێ، لەلا بەکەس

خۆشم نەگەیمە ئەوکەسە، ئەو من بکا بەکەس

ئەگەر ئیشی رۆحتە، کە نەبو کەس بەدەستەوە
دەست هەڵگرە لەرۆح و، مەبە ئیلتجا بە کەس
نا ئەهلی ئەم ئەهالیە، مەعلومی من کە بوو
شوکری خودا خوا بەس، ئومێدم نەما بەکەس [١٢٤]

..............

لەناکەس کاریا، خاکم بەسەر، ڕۆیی بەبا عومرم
خودا تۆ بمژێنە، تا لەبەر قاپیت، کەسێ دەمرم
سبەینێ (یُحشرُ المرو)ە براگەل، فرسەتە ئەمڕۆ
تەبەڕ ڕابن لەمەن، با کەس نەبێ حەشری لەگەڵ حەشرم [١٢٥]

..........

لەم بەحری فیتنەیە، بەڵکی نەجاتت بداخودا
بەردەداوێنی ناخودا، بگرە باخودا
بێکەس منم، کەسێ لەزوبانم بگا نیە
هەم دەم خودا نەناس و دەم پڕ لە ناخودا [١٢٦]

## بێ بەهایە مرۆڤ، کاتێك ئیمانی نەبوو

شوعلەی ئەخلاق، لەلای ئەهلی ئیمان و حورمەتە
بێ ئیمان داری زڕە، زۆر سایەو وشك و بێ قیمەتە
گەر کەسێ ئیمان و دینی، باوك و باپیری نەبێ
بێ وەفایە، بێ بەقایە، بێ بەهاو بێ حورمەتە

---

١٢٤ - لاثةِرة (١٤٦).
١٢٥ - لاثةِرة (٢٢٠)
١٢٦ دیوانی مەحوی لا٣٢

**نەك كەسێ ئیسلامی ناوێ، خۆ فرۆش بێ و هیچ نەزان**
**پێم بڵێ چاکی ئەمانە، کامەیان بۆ میللەتە**[127]
**شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر**

## کاك ئەحمەدی موفتی زادەو
## سۆزە بە کوڵە ئیمانیەکانی

**ئەی ناوی تۆ، باشترینی ناوان**

**بۆ سەرەتاو کۆتایی و بۆ نێوان**

**هەر بۆیە، بەناوت پێ ئەکەم دەست**

---

١٢٧ - (طوڵی وةریو) لاثةرِة (٥٤)

چون بێ ئەمە، ناگەین بەمەبەست

........

کەسم وریابە، کەم عومری، بەعومری

گەنی، یاباشی، کاروانیت و ئەمری

لەبیرن بێ، کە بۆت هات کاتی کۆچی

بەتەنیا خۆتی و چیت کردو بۆچی؟[١٢٨]

داری بێ بەرو، وە حەسێ بۆ خۆت

نەلقت ئەکێشن، نە پەك ئەخەن بۆت

داری بەرداری ئیتر، بەربەڵ بە

لەخۆشی گەڕێ لەو چان هەڵبە

تا ژیرێك بەجێ ئەچێنێ بارت

سەدگەوج و چلێس، ئەدەن ئازارت[١٢٩]

## بەتەنها نالی و بەس

عومرێکە بە میزانی ئەدەب، توحفە فرۆشم

زۆرم گوت و کەس تێنەگەیی، ئێستە خامۆشم

---

١٢٨- بڕوانە (دیاربێ بۆ یاران) لاثەرە (٥٦-١٥٧) کاك ئەحمەدی موفتی زادە.

١٢٩ - (دیاری بۆ یاران) لاثەرە (١٦).

**شێخی سەرپا دەڵەك و ڕێوی، دەپۆشی**
**ناڵم و بەڕووتی، لە هەموو دیدە دەپۆشم[١٣٠]**

***********

**تەبعی شەككەر باری من، كوردی ئەگەر ئینشا دەكا**
**ئیمتیحانی خۆیە، مەقسودی لەعەمدا وا دەكا**
**كەس بەئەلغازم نەڵێ، خۆ كوردی یە، خۆ كوردییە**
**هەركەسێ نادان نەبێ، خۆی تالیبی مانا دەكا**
**بێتە حوجرەم/ پارچە پارچەی مسوەدەم بكرێ بەڕۆح**
**هەركەسێ كوتاڵ و پارچەی، بێ دەل سەودا دەكا**
**شیعری خەڵكی كەی دەكاتە شیعری من بۆ ناسكی**
**كەی لە دیقەتدا، [١٣١]پەتك دەعوا لەگەڵ[١٣٢] هەوا دەكا[١٣٣]**

## لەحیكمەتەكانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

**زانای گەورە (شێخ محەممەدی خاڵ) بەلایەوە گرنگ بووە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی كۆبكاتەوەو بە جوانی چاپی بكات، بەلای ئەوەوە شێخ ڕەزا لەهونەری شیعردا شای شاعیرانەوەو شیعر وەك هەنگوین ناو دەبات لەپێشەكەی دیوانەكەیدا**

**سەرەڕای ئەوەی شێخ ڕەزا بە شاعیری (هەجوو) بەناوبانگە، بەڵام ئەم شیعرە پڕ حیكمەتانەی هەیە.[١٣٤]**

---

١٣٠- (دیوانی نالی) كۆكردنەوەی مەلا عەبدولكەریمی مودەریس و فاتح عەبدولكەریم/ چاپی یەكەم ساڵی (١٩٧٦) بەغداد/ چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد لاپەرە(٢٨٠).
١٣١- پەتك: تاڵی پەت و بەن
١٣٢ - هەودا: تاڵی ئاوریشم
١٣٣ - سەرچاوەی پێشوو لاپەرە (١٠٦-١٠٧) دیوانی نالی.

مەر بووتە حەیاتم بەسولەیمانی و خاکی
خۆزگە بەسەگی قاپیەکەی، ئەحمەدی کاکی
بۆ دەست و عەسا نازگەکەی، داخە دەروونم
قوربانی عەسای دەستی بم، سۆل و سیواکی
دونیا لەدوای حەزرەتی شێخ ژێرو زەبەر بێ
وەك تاجەکەی و جامی جەم و تەختی زوحاکی[135]
ساغ لەدنیاد نەماوە، گەر قسەی ساغت دەوێ
بێ هەزارت پێ نیشاندەم، گەڕ قورمساغت دەوێ[136]
پیری بە تەنیا ڕەحمەتە
پیری و فەقیری زەحمەتە
پیرێکی وا گەورەم هەیە
دەرهەق، بە من کەم هیممەتە[137]
......
چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا
بۆتە حەشری نێرەکەر، لەم حوجرەدا[138]
......
لەبیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو
ئەمە حکومی عەجەم، نەسوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا، سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید

---

١٣٤- سةرضاوة(ديوانى شيَخ رِةزاى تالَةبانى) كؤكردنةوةو ساغ كردنةوةى شيَخ محةممةدى خالأء ئوميَد ئاشنا/ دةزطاى ئاراس سالَى (٢٠٠٤)

١٣٥- سةرضاوةى ثيَشوو، لاثةرِة (١٠٥).

١٣٦- سةرضاوةى ثيَشوو، لاثةرِة (١٠٦).

١٣٧- لاثةرِة (٩٧).

١٣٨- لاثةرِة (٤١).

مەتافی کەعبە، بۆ ئەربابی حاجەت، گردی سەیوان بوو
عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەن ئەفزەڵن ئەمما
سەلاحەدین کە دنیای گرت، لەزومرەی کوردی بابان بوو
کەسی فەقیری بێ چارە
گەر عەیبی هەبێ دیار
دەوڵەمەندی ساحێب پارە
سەد عەیبی هەبێ مەستوورە
ئاگر ئەگەر لەماڵی چێ
ئەڵێن ئاگر نیە نورە[١٣٩]

......

خزمینە مەدەن پەنجە، لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێرووله نەچێ چاکە، بەگژ قوللەیی قافا[١٤٠]
سەلاحەدین، کە ئیسلامی گەیاندە پایەی ئەفلاك
ئەمە وابوو، ئەوەندە بوو، ئەولە زومرەی کوردی خۆمان بوو[١٤١]

........

مرۆڤ بە ئومێد دەژی و پێدەگا
هەرچەندە دوور بێ ئامانج و ڕێگا[١٤٢]

---

١٣٩- لاثةرِة (٨١).
١٤٠- لاثةرِة (٩٠).
١٤١ - لاثةرِة (٨٣).
١٤٢ - ديوانى موتابضى لاثةرِة (١٤)

## گەوهەری (مەحوی) دەربارەی ژین‌و دین

**قسە گەر عیقدی گەوهەر بێ، غەرزە دەیکا بە خەر موهرە**

**چ تەئسیرێ لەوەعزتایەو واعیز، وا پڕ ئەغرازی**

**واتـە: قسـە گـەر ملوانکـەی گەوهـەر بـێ (ڕق‌و کینـە) دەیکـات بـە (مورەکەرانـە)، جـاچ کاریگەریـەك لـە وتـارو ئامۆژگاریتایـە ئـەی واعیـز (ووتار بێژ) واپڕ ڕق‌و کینەو دەروون خراپی.**

ئەوەندەی ئەهلی دنیان ئەهلی دنیا، تا رۆژیٚ، گەر
به قەڕنیٚ من ئەوەندە، ئەهلی خودابم دەبمە پیٚغەمبەر[١٤٣]
قاتی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە، دەبینی (مەنسور)
بەسەرداره‌وه‌، (زەنون) لەبنی زیندانا[١٤٤]

واته: پیاوی ڕاست به سروشت لەسەر زەوی ناژی (مەنسوری حەلاج) لەبەر هەقبێژی لەدار دراو (یونس پێغەمبەر) کەوتە بنی زەریاو زیندانی ناوسکی حووتو نەهەنگی دەریا.

نامەرد ئەوەندە موعتەبەرن لەم زەمانەدا
مەرد ئیعتباری کەم بووە، مەردی خوا خوسوس[١٤٥]
لەعارف عامیەك پرس؟ هەواڵی مەسلەخ و قەساب
به ئەنگوستی شەهادەی کرد، ئیشارەی مەحکەمەو نائیب[١٤٦]

واته: کەسێکی عەوامو ئاسایی لەزاناو عارفێك پرسیاری قەسابخانەی کرد، ئەویش بە پەنجەی شەهادەی ئاماژەی بۆ مەحکەمەو دادگاو دادوەر کرد. واته دادگا وەك قەسابخانەیە.

---

١٤٣ - لاثةرة (٣).
١٤٤- لاثةرة (٣٤).
١٤٥- لاثةرة (١٥٥).
١٤٦- لاثةرة (٥٤).

**فەلەك هەرگار كەسێكى هەڵبڕى، وەقتى هيلاكەتە**
**كەسەر بۆ گەينەپەت بێ، پێ لەكورسى وئەسكەمەل چيبكا؟**

**گرنگى مزگەوتو مەيدانى تێكۆشان لەلاى حاجى قادرى كۆيى**

**تاجى (بسم الله الرحمن الرحيم)**

**نامەسەر، بۆ دەفعى شەيتانى ڕەجيم**

**باز فەرمووى: سەر بەسەر، ڕووى زەمين**

**مەسجيدە بۆ زيكرى (ربُ العالمين)**

**يەعنى هەر ماڵێ، كرابێ بۆ خودا**

**كەعبەبە، عەليايە، بۆ زيكرو دوعا**

**شكڵى تەكيەو خانەقا هى شێخەكان**

**واقيعاً ڕەنگينە، ئەمما بۆ ڕييان**

**لەم هەمموو شێخ و موریدانەی ریا**

**فەردەکی، ناچنە مزگەوتی خودا**

**مەسجیدو میحراب و مینبەر بێ کەسە**

**هەر مەپرسە، حاڵی چۆنە مەدرەسە**

**موعجیزەو کەش و کەراماتو بەقا**

**بۆچی نەیبوو ، فەخری عالەم مستەفا**

**جیسمی نوورین و، ددانی گەوهەرین**

**ئەوشکا، ئەمیان بووە جێگەی برین**

**موسبەتە فەرمووی، حەبیبی کیبریا**

**من ئەبێ شیرم لەمەیدانی وەفا**

**گول شەنی، پڕ میوەیی باغی مەعاد**

**وا لەژێر سایەی تیغی جیهاد**[١٤٧]

١٤٧- دیوانی (حاجی قادری کۆیی) لاثەرِة (١٧١-١٧٢) لیَکۆلَینەوەو لیَکدانەوەی (سەردار حەمید میران کەریم مستەفا شارەزا) ضاثی دووەم سالَی (٢٠٠٧).

**شێرکۆ بێکەس، نهێنی شاعیرەکان ئاشکرا دەکات**

**تۆ شاعیری**
**بۆ نوسینەوەی دارستان**
**تۆ یەك شات [148] و**
**یەك پەلکە گیای جوانت بەسە!**
**بۆ خوێندنەوەی زەریایەکیش**
**یەك دلۆپی ئاویت بەسە!**
**تۆ شاعیری**

---

[148] شات:لقەداری تازەی یەك سالە

بۆ یەك چامەی دوور و درێژ
بزەیەکی خۆشەویستی
یارت  بەسە
بۆ تابلۆیەکی نەمری
ئێجگار گەورەش
تەنها نەخشێکی بچکۆلەی
باڵی یەك پەپولەت بەسە!
لەناو شیعردا
کاتێ شاعیر زۆر گەورەیە
هەتا منالْ نەبێتەوە
*قەت مەزنیی خوا نابینێ*
*هەتا تەواو*
*سادە سادە نەبێتەوە*
*لە هەیبەتی*
*حەقیقەتدا... ناتوێتەوە !*
تۆشاعیری
تا نەبینراو نەهێنیتە ناو رستەوە
پەیڤەکانت هەرنابینان!
هەتا نادیار ، نەکەی بە خەونی هەمیشە و
ژان بە پرسیار
نەعەشق، ئەگاتە ناودڵت و
نە شیعریش

## ئەبێ بەدڵدار![١٤٩]

## بێ چاکە کاری، دینا مانای نیە

پیر گەنجێکی دیت: پێکەنی بەزار
وتی: سەد شوکر، ئەی خودای نازدار
من عەزابی خۆم دیت و، تێپەڕی
ئەم گەنجە تازە، ئەڕوا بۆ ناو ئازار
......................
بێشکە بۆ مناڵ، تابووت بۆ مردوو

[١٤٩] ئة سثيَك لة ثةرةى طولَ لا١٩-٢٢

**هەی قور بەسەرت، ئەی کاکی زیندوو**

**هەر ئەو دووکاتە، تۆ موستەریجی**

**خولاسەی ژینت، هەمووی هاتو چوو**

......................

**ماڵی ئاوەدان، ووتی بە میوان**

**یاخوا بەخێر بێی، سەر هەردوو چاوان**

**نە ماڵ باقییە، نەجاه و جەمال**

**هەر چاکەو عەمەل، دەمێنێ بۆمان**

**تاریکیم ناوێ، ڕووناکی خۆشە**

**دڵ پیسم ناوێ، دڵپاکی خۆشە**

**مەترسە ڕێگەی ڕاست بگرەو بڕۆ**

**لەژینی دونیا، بێ باکی خۆشە** [١٥٠]

**بورهان جاهید** [١٥١]

---

١٥٠- فةلسةفةو ضوراينةكانى جاهيد لاثةرِة (١٩.١٨.١٦.١٥) سالَى (١٩٨٥) هةولێر.

١٥١- ناوى (بورهان محةمةد عةبدولرةحمان)ةو نازناوى جاهيدة، سالَى (١٩١٨) لةشارى هةولێر لةدايك بووةء هةر لةهةولێريش كؤضى دوايى كردووة.

# دڵی غەریبان، مەشکێنن

دڵەی غەریبان، شکڵ گوڵ دارۆ
کافر ئەو کەسەن، غەریب ئازارۆ
هەرکەس بکەرۆ، غەریب نەوازای
بێشك خوداوەند لێش مەبۆ رازی
هەرکەس بگێرۆ غەریبان عززەت

پەی وێش مەسازۆ جایێ نە جەنەت[١٥٢]

# تەمەنی رۆیشتوو

ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم، ئەڕۆی ئاوڕنادەیتەوە
لە گەڵ هەموو هەنگاوێکتا، لە عومری من ئەسریتەوە
خۆزگە منیش وەك پەپولە، گشت تەمەنم وەرزێك بوایە
دوور لە خەم و تاڵی ژیان، تەنیا گوڵم بناسیایە

---

[١٥٢] دیوانی بێسارانی لا٨١

ئێستاش گەڵای عومری گەنجیم، وەکو پایز هەڵوەریوە
کێ وەکو من تەم و غوبار، پەنجەرەکەی داپۆشیوە[153]

# هێز لە یەکگرتندایە

گشت وشەکان کۆبوونەوە
بوون بەدرێژترین هۆنراو
گشت چراکان کۆبوونەوە
بوون بە روناترین هەتاو
هەموو ئاوەکان یەکیان گرت

[153] دیوانی ئەحمەد محەمەد لا٧

**بوون بە مەزنترین لافاو**

**بوون بەدارێك، گشت دارەكانی دارستان**

**بەهێزترین ، تەوریان شكان**[١٥٤]

## كێشەی ژیان؟

**لە نێوان دوو دژواردا، حەق و ناحەق**

**هەتا ئەمڕۆژ كێشمە كێشە و هەرا و جەنگە**

**دەڵێن : حەق وابەسەر نووكی شمشێرەوە**

**دەڵێن : ئەگەر شمشێر نەبێ،**

**ئەوا حەق والە ژێرەوە؟**

---

[١٥٤] دیوانی (سرودی هەذاران) لەتیف هەڵمەت لا ٣٥

دەڵێن : نەخێر، حەق هەر حەقە
شمشێر هەبێ، یاخود نەبێ!
کەسێك لاری لەم یاسایە نیە، مەگەر زۆر گەمژە بێ[155]

## رێگەی سەرکەوتن

ئەبینی ژیان کێوێکی بەرزە
رێگەکەی خوار و بەترس و لەرزە
گیانەکەم ئەبێ ، تۆ لەم رێگایە
لەم دانە وداوەو چەرخ ودەزگایە

[155] دیوانی (فەرهەنطی خەم٣) حەسیب قەرەداخی

گەڵێ ماندووبی، ئارەق بڕێژی
ئەم دەردو ئێشە، یەك یەك بچێژی
لەرێی سەركەوتن ، ئەبێ پێش كەوی
هەتا بكەوی ، زیاتر سەركەوی[156]

## هەڵبژاردەیەك لە پەندەكانی پیرەمێرد

لەدووی سیاسەت خۆت مەخەرە بەند
رێوی قوالەی پێبوو، پێستیان كەند
دوو گوێو زبانێ، دراوە بەتۆ
دوو ببیە و یەكێ بڵێ لە سەرخۆ
ئەوی ئەیەوێ سەری نەیەشێ
بەقەد بەرِی خۆی پێ رادەكێشێ
ئیشت بە دەست بێ هیوات لێ ئەكەن

[156] دیوانی دڵدار لا ٤١

داركە بەری گرت، پەڵی پیا ئەدەن

........

لە رووی جیهاندا، تۆ وەرە پاك بە
ئەوسا لەواتەی خەڵکی بێ باك بە
دەوران دەوڵەتت لە دەست دەسێنێ
بەڵام ناوی چاك، تا سەر ئەمێنێ
نییەتت چاکبێ، ئیش دەبیتە سەر
درەخت زڕ نەبێ، هەربۆت دێتە بەر

..........

کاولەکەی وەتەن، هێند شیرینە
ژاری دوپشکی عەربەت هەنگوینە
کوردی دۆنەدیو، پف لە دۆ ئەکا
کەتێریشی خوارد، روو لە تۆ ئەکا
کەویش خویەکی خۆی پێ بەخشیوین
دیارە بۆ ئەوە، شایستەی دیوین
کەو دەبەنە راو بە فێڵ دەخوێنێ
هاوجنسی خۆیان، بۆکوشتن دێنێ
هەردەڵێم ناوی کوردییەت نابەم
چیبکەم تینوومە، بێ ئاو دەرنابەم
جاران ئەم کوردە، هێند بەوەفابوو
دزیشیان قەدری وەفای لە لا بوو
دز چووە ماڵێ لە کو پەیەکا
خوێی دیبوو، کەخوێش لە شەکر ئەکا
کەلێی چەشتبوو، زانیبووی خوێیە

ئەڵێ نمەکم کردن لەو جێیە
هەرچی دزیبوو، دای ئەنێتەوە
لە بەد نمەکی ئەسڵەمێتەوە
ئێستا کە پارووت کرد بە دەمیەوە
پەنجەشت ئەخوا، هەربەدەمیەوە
تۆ تێری ئەکەی لە نان و کەرە
ئەو کەتێری خوارد، پێت ئەڵێ کەرە
جاران کە کوردی راست و رەوان بووین
خاوەنی  وەفا و دڵ و زوبان بووین
لە وەزیفەشدا، سیاسەت نەبوو
تەفرەمان، تەفروتونا کردبوو
رێی سیپاسەتیش، هێشتا فێر نە بووین!
رومان بۆ هەرکوێ نا، بەهەڵە چووین
هەر داری لقی زۆر لێ بێتەوە
ئیتر ئەوەندە بەرز نابێتەوە
روباریش جۆگەی زۆری لێ بووەوە
گوڕی نامێنێ، لە پڕ چووەوە
ولأتێك حیزب و میزبی تێ کەوێ
هەرچی دەستی بوو، بەشی خۆی دەوێ
هەرچی هەڵئەسێ، ئەڵێ من حیزبم
کاکە لێم لادە، نامەوێ حیزبم
لەم تەنگانەدا، حیزبی موعاریز
کەوتوونە نەعرەی (هل من مبارز)
دیارە نەگبەتە وا لەیەك بەر بوون

**دەستی چەور بەسەر، خەڵکیدا ئەسوون**
**کاروانی حوشتر، ئەکشان بەبێ دەنگ**
**کەرێکی دێزیان، ببوو بە پێشەنگ**

.......

**ئێمە ئیمانمان، ئەبێ بەخوابێ**
**کەبێ ئیمان بین، لای ئەومان نابێ**
**ئاینی ئیسلام، چی لێ چاترە**
**ئەتەوێ پیاوبی، دینت راگرە[١٥٧]**

## گەورەی بێ خێرم ناوێ

**گەورەیەك بۆكەس نەبێ سێبەری**
**بۆ خۆم بگێڕم لەدەوری سەری**
**بەوشکی بۆچی ببمە مەیتەری**
**وەختێ دەرکەوێ، هەستم لەبەری**
**هەر بۆخۆوی دایم هەوڵی ژیان بێ**
**یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ[١٥٨]**

١٥٧ سةرجةم ثةندةكانى ثيرة ميَرد/ضاثى دووةم ٢٠٠٧
١٥٨ ديوانى موفتى ثيَنجويَنى لا٨٦

## بەشی دەیەم :

# کوردایەتی

## دەوڵەتی کوردی لەخەونی شاعیراندا

(ئەحمەدی خانی) خەون بە پادشاو تاجو تەختی کوردیەوە دەبینێت، ئەگەر ئێمەش هەمانبووایە گەورەی ژیرو دانا، ئەوا خاوەن دینو دەوڵەتو زانستی خۆمان دەبووین .

ئەولای رابوو، ئەگەر هەمان بوایە پاشایایەكو خودای گەورە كڵاوێكی (تاجێكی) پێ ببەخشینایە، ئەگەر دەوڵەتو دەسەڵاتێكی هەبووایە (تەختو تاج) ئەوسا بەختی كورد دەكرایەوەو خۆشی ئەهات. ئەگەر كورد یەكبوونایەوەو خۆیان بۆ مەسەلەی نیشتمانو دەوڵەت یەكلابكردایەتەوە، ئەوا ئەوكاتە دینو دەوڵەتمان تەواو دەبوو، دونیاو قیامەتمان كۆدەكردەوەو خەریكی پێشكەوتنو زانستو زانیاریو حیكمەت دەبووین وەك نەتەوە خاوەن دەوڵەتەكانی دونیا.

گەردی هەبوا، مە پادشاهەك

لایق بدیا، خودێ كولاهەك

**تەعین ببویا، ژبۆوی تەختەك**
**زاهید ڤەدبو، ژ بۆ مە بەختەك**

*******

**گەردی هەبوویا، مە ئیتفاقەك**
**ڤێکرا بکرا، مە ئینقیادەك**
**تەکمیل دکر، مەدین و دەوڵەت**
**تەحسیل دکر، مەعلیم و حیکمەت**[159]

**لەدوای ئەو (حاجی قادری کۆیی) خەونەکەی بۆ فراواندەکاتو داوا دەکات بەبیری ورد سەردارانی کورد، ئامرازەکانی هێزی بوون بە دەوڵەت هەڵبگرن وەك دەڵێت:**

**جۆشێك بدەن وەکو هەنگ، تەکبیر بکەن بەبێ دەنگ**[160]
**ئەسبابی شەڕ پەیداکەن تۆپ و تفەنگ و هاوان**
**بولغارو سیرب و یۆنان، هەم ئەرمەن و قەرەتاغ**
**هەر پێنجیان بە تەعداد، نابن بە قەددی بابان**
**هەر ئێکە موستەقیللن، کوللێکی دەوڵەتێکن**
**ساحێبی جەیش و رایە، ئەرکانی حەرب و مەیدان**
**حاجی کەسێکە بێکەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ**
**گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەلاْ لەخۆتان**

١٥٩- (تێکستی ئەدەبی کوردی) د. محەمەد نوری عارف، (١٩٨١) سلێمانی لاپەڕە (٢٢٣).
١٦٠- (دیوانی حاجی قادری کۆیی) لاپەڕە (٨٠-٨٢) لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید میرانو کەریم شارەزا چاپی سێیەم ساڵی (٢٧).

## نرخی ئاڵای وڵات، لای پەشێوی شاعیر

کێ کڕیارە؟
هەرچیم هەیە ،هەمووی تاڵان فرۆش دەکەم
مەزاد.... مەزاد
هەرچیم هەیە ، هەموی مەزاد
بە پارچەیەك پەرۆی سادە
كە هەڵبكرێ و بشنێتەوە
لەسەر بستێك ، زەوی ئازاد
مەزاد.... مەزاد
هەرچیم هەیە ، هەموی مەزاد[١٦١]

---

[١٦١] دیوانی د.عەبدوللاثەشیو لا٢٥٧

# من بۆ کوردستان

**چیا بۆ هەڵۆ**
**خۆر بۆ ئاسۆ**
**با بۆ چرۆ**
**ئەستێرە و مانگ ،**
**بۆ سپێدە !**
**کوردستانم**
**منیش بۆ تۆ ١٦٢**

[١٦٢] دیوانی د.عەبدوللاپەشیو لا٨٠

# چۆن سەیری سەردارانی کورد بکەین؟

زۆرجار نەوەیەك بە چاوی ڕەخنـەو هەنـدێکجار بـە سـووکی سـەیری سەرکردەو سەردارانی نەتەوەکەیان دەکەن، هەر نەتەوەیەك بێت نـەوەی پێشوو تاوانبار دەکات وەك دۆزەخییەکان (کلما دخلت أمه لعنت أُختها)

موتابچی

سلاْوتات لێبێ سەردارانی کورد

سلاْوتان لێبێ پاڵەوان و کورد

سلاْوتان لێبێ بەهۆش و دڵسۆز

بۆ کوردستانتان ئێوەن خاوەن سۆز

بۆ کات و رۆژتان، هەوڵ و کۆششتان

شایانی ڕێزە گشت کاروبارتان

ئەوەندە دەکرا بۆ ئەو زەمانە

لەچوار دەورتان گورگی بێگانە

ئەوەی کردتان بەماڵ و بە گیان

فیدا کردن و بەخشیشی ژیان

لەبیر ناچنەوە، ئێوەی شۆڕشگێر

یادتان دەنوسرێ بە تەلا دێڕ دێڕ[١٦٣]

## بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆمان!

بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ

ئاسۆی هیوای کرود مژدەبێ لەتۆ

دەنگی بانگ هەستا لەمزگەوتی دێ

باڵدار هێلانەی خەو بەجێ دێڵێ

قاسپە قاسپی کەو، ئاشکرا ئەبێ

کاتی فرمان هات، کورد نابێ بنوێ

هەستە ئەی لاوی، نیشتمانی کورد

سەردەمی هەستان، هەرکەسێ نوست مرد

کە دەرچوو تیشکی هەتاو لەدەم کەل

وریابی زۆر چاك بەکار بێنی هەل

بەری بەیانە ڕووناکە ئاسۆ

١٦٣- دیوانی موتابضی/ د. ئەمین موتابضی سالَی (٢٠٠٨) ضاثخانەی تیشك/ سلیَمانی لاثەرِة (٢٦)

ئاسۆی هیوای کورد مژدەبێ لەتۆ[١٦٤]

## ئەی کورد، ئامادەبن، دەمی ڕاپەڕینە

پەلاماردە ئەی کورد، عەرەق ڕشتنێ
لەدڵ کرمی ناکۆکی، دەرکردنێ
بە یەکبوونی گشت
پتەو بوونی پشت
بەلادا بکە چاکی مەردایەتی
درێغی مەکە، گیان لەکوردایەتی
بگرمێنە وەك شێر، بچۆ ناوی بەرد
بلێ: کوا هەقی؟ ژینی ئنسانی مەرد
درشت تاکو وورد
نەکەین دەستو برد
بەهەق چۆن ئەگەین؟
پشوو چۆن ئەدەین؟
دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین
هەتاکەی بە سستی و پەستی بژین[١٦٥]

---

١٦٤- دیوانی (طؤران) لاثةرِة (٣٠٢).
١٦٥- دیوانی طؤران لاثةرِة (٣٠٣)ضاثی ضوارةم.

# کوردستان لای دیلان، بەهەشتە

**کوردستان بەهەشتی زەمین**
**جێی تێکۆشان و راپەڕین**
**مەڵبەندی کاوەی قارەمان**
**کوردستان، کوردستان**
**ئەی نەتەوەی کوردی دلێر**
**رۆڵەی نەبەرد و بێچووە شێر**
**هەستە هەستان ، دەرمانە بۆ**
**دەردو ئازارو جەستەی تۆ**
**وانەورۆزە، جەژنی گەلە**
**ئاسۆ رازاوەی دەم کەلە**
**بانەورۆز و بەهاری کورد**
**پێگەێنین، بەدەست و برد**[١٦٦]

[١٦٦] دیوانی (دیلان) لا٢٣٣

## دەردە کورد

**ڕۆژگار هاڕیومی وەك ئەسپونی[١٦٧] وورد**
**هێز و تواناى لێ بڕیوم ، دەردە کورد[١٦٨]**

.........

**هەرقەومە، قەولی سەفەر بەریەتی**
**ئەم کوردە دایم، شەڕ لە سەریەتی**
**یا هەرخۆ بەخۆ، ئەنیشینە یەك**
**داری یەکێتی دەردێنین لە ڕەگ**
**ئەم داخە، ئاخۆ کەی سامانی بێ**
**ئەم دەردە. ئاخۆ کەی دەرمانی بێ[١٦٩]**

---

[١٦٧] طیایەکی کیوییة وةکو سابون بةکاردیت دوای هارینی رةطةکةی.
[١٦٨] دیوانی هیمن لا ٣٢١
[١٦٩] دیوانی موفتی ثینجوینی لا٧٤

# کورد و پارە و دووبەرەکی!

**کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد، نۆکەری بێگانەیە**
**دوو دڵن پیسن لە گەڵ یەك بۆیە وا بێ لانەیە**
**میللەتێکن ، بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵەدەن**
**داخەکەم وورد ودرشتی ، شێت و شەیدای عانەیە**
**میللەتی بێ عیلم و ئەخلاك، چۆن بە ئیستقلال ئەگ؟!**
**واسیتەی بەرزی و تەرەقی، هیمەتی مەردانەیە**[١٧٠]

---

[١٧٠] دیوانی (فایەق بیَ کەس )لا٦٣

## وەفدی کوردستان

وەفدی کوردستان میللەت ، فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
پەردەو تارای سور، بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن: پاش کوشتار،هێشتا تۆی دڵگیر
دەك خەجاڵەت بن لە رووی مەحشەرا
ئێمەش خاکی خەم ئەکەین بەسەرا
خەیاڵتان خاوە، کورد نەفەوتاوە
بەراتی نەجات بەخوێن، نوسراوە
من رەنگی سورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەست ئەکەوێ[١٧١]

[١٧١] (ثیرةمیَرد) لا١٦٠

# نەترسان ، لای هێمن

دەمگرێ ئەمما، لە گرتووخانە رق ئەستوور ترم
لێم دەدا، ئەمما لە سەر داوا رەواکەم سوورترم
دەمکوژێ، ئەمما بە گژ جەلادەکەمدا دێمەوە
کوردم و ناتوێمەوە و ناتوێمەوە و ناتوێمەوە ![172]

[172] دیوانی هێمن لا٣٤٢

## بۆکوردستان

**کوردم و لەڕێی کوردو کوردستان**

**سەر لە پێناوم، گیان لە سەردەستان**

**بەکوردی دەژیم، بەکوردی دەمرم**

**بەکوردی دەیدەم، وەرامی قەبرم**

**بەکوردی دیسان زیندوو دەبمەوە**

**لەو دنیاش بۆکورد، تێهەڵ دەچمەوە**[١٧٣]

---

[١٧٣] دیوانی (هەژار بۆ کوردستان) ل١٣

# ڕێگای سەربەخۆیی

کوردستانە ڕەنگینەکەم

نیشتیمانە شیرینەکەم

تۆی سەرچاوەی ئەوینەکەم

بۆ تۆیە، شایی و شینەکەم

ڕێگای سەربەخۆیت دەگرم

لەپێناوتا، دەژیم ، دەمرم[١٧٤]

---

١٧٤- ئەم هۆنراوەیەم بۆ قوتابیەکانم نوسی (٢٠١٥) نوسەر

## بولبولەکانی کوردەواریمان

مەولەوی و بێکەس و خانی

نالی ومەحوی و بەردەشانی

کوردی و گۆران و جزیری

حاجی و حەمدی و حەریری

پیرەمێردی گردی یارە

چەند خونچێکن لەو گوڵزارە

وەك تۆ فەرزەندەی ئەو خاکەن

بولبولی ئەو خاکە پاکەن[١٧٥]

---

١٧٥ دیوانی (هەژار بۆ کوردستان) لا٤٥

## شابەیتی کۆتایی، بۆ (هێمن)

ئەو زمانە شیرینەی ئێمە، پەرەی دەکرێتەوە
نادرێ چیدی، کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد
بێ برەو نابێ، مەتاعی کوردەواریمان ئیتر
رەونەقی پەیدادەکا، ئەوجارەکە بازاری کورد[176]

[176] دیوانی (هێمن ) لا٨٦

## سەرچاوەکان:


١- قورئانی پیرۆز

٢- دیوانی بێخود/١٩٧٠/چاپخانەی (دار الساعه)/ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم

٣-گولّی وەریو/١٩٧٥/چاپخانەی راپەڕین/ شێخ لەتیف شێخ مەحمود/ ئامادەکردنی دایکی کاوە

٤- دیوانی نالی /١٩٧٦/چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد/لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدول کەریمی مودەریس و فاتیح عەبدول کەریم

٥- تێکستی ئەدەبی کوردی /١٩٨١/چاپخانەی زانکۆی سلێمانی/د.محەمەد نوری عارف

٦- سرودی هەژاران/١٩٨٣/چاپخانەی (الحوادس)/ لەتیف هەڵمەت

٧- دیوانی مەحوی/١٩٨٤/چاپخانەی(دار افاق عربیه)/لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدول کەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم

٨- رازی تەنیایی / ١٩٨٤ /چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین /ئەحمەد هەردی

٩- دیوانی وەفایی/١٩٨٤/چاپخانەی (دار الحریه)/ لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداخی

**١٠- ديوانی حەمدی/ ١٩٨٤/چاپخانەی ئۆفێست/ ئامادەكردنی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین**

**١١- فەرهەنگی خەم ١٩٨٩/٣/چاپخانەی (دار الرساله)/حەسیب قەرەداخی**

**١٢- دیوانی موفتی پێنجوێنی/١٩٩٠/ئامادەكردنی ئومێد ئاشنا و عەبدول كەریم موفتی**

**١٣- دیوانی میرزا غەفور/١٩٩١/ئامادەكردنی عەبدوللاّ ئاگرین**

**١٤-دیوانی مەلای جزیری/١٩٩٩/توێژاندنا سادق بەهادین ئامێدی**

**١٥- دیوانی بێ دڵ/١٩٩٩/كۆكردنەوەی كەمال رێناس بێ دڵ**

**١٦- دیوانی شەفیق/٢٠٠٢/لێكۆڵینەوەی سەلاح عەبدول قادر**

**١٧- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی/٢٠٠٣ /چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە /ئامادەكردنی شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا**

**١٨- دیوانی هێمن/٢٠٠٣ /هێمنی موكریان**

**١٩- دیوانی پاكی/٢٠٠٤ /بورهان سید گوڵ**

**٢٠- سەرجەم پەندەكانی پیرەمێرد/٢٠٠٧/چاپخانەی ژڤان/ ساغكردنەوەی لیژنەیەك**

**٢١- دیوانی محەمەد رەسول هاوار /٢٠٠٧ / چاپخانەی ژڤان /ئامادەكردنی د. عوسمان دەشتی و سدیق ساڵح**

**٢٢- خەمەكانی نیشتمان /ب ٢٠٠٨/٢ / گۆران عه باس**

**٢٣- دیوانی موتابچی/٢٠٠٨ /چاپخانەی تیشك / د. ئەمین موتابچی**

**٢٤-دیوانی مەولانا خالید/٢٠٠٩ /چاپخانەی دەزگا و چاپی سەردەم**

**٢٥-پیرەمێرد پێداچونەوەیەكی نوێی ژیان و بەرهەمی /٢٠٠٩ /چاپخانەی ئاراس/ لێكۆڵینەوەی ئومێد ئاشنا**

٢٦-ديوانی فايەق بێ كەس / ٢٠١١ /چاپخانەی ژڤان /ئامادەكردن محەمەدی مەلا كەريم

٢٧-ئەسپێك لە پەڕەی گوڵ /٢٠١٢ /چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/شێركۆ بێكەس

٢٨-ديوانی حەريق / ٢٠١٢ / چاپخانەی بينايی / ئامادەكردنی سەييد نەجمەدين ئەنيسی

٢٩-ديوانی ديلان /٢٠١٣ / چاپخانەی چوار چرا / ئامادەكردنی د.عەبدوڵلا ئاگرين

٣٠-ديوانی كامەران موكری / ٢٠١٣ / چاپخانەی چوار چرا / ئامادەكردنی د.عەبدوڵلا ئاگرين

٣١-داستانی ئەوين / ٢٠١٣ / ئەبوبەكر عەلی

٣٢-ديوانی د.عەبدوڵلا پەشێو / بەرواری لە سەر نيە

٣٣-ديوانی دڵدار /بەرواری لە سەر نيە

٣٤- ديوانی ئەحمەد محەمەد / چاپخانەی پيرە مێرد / بەرواری لە سەر نيە

٣٥- ژيناوەری زانايانی كورد لە جيهانی ئيسلاميدا / ١٣٦٤ ھ/ نوسينی شەپۆل

٣٦- ديوانی تاهير بەگی جاف /١٣٨٠ ھ/ كتابخانەی ميللی ئيران / پێداچونەوەی حەميد موستەعان

٣٧- ديوانی قانع / ١٣٨٦ ھ / كتابخانەی ميللی ئيران / كۆكردنەوەی بورهان قانع

٣٨-دياری بۆ ياران / ١٣٨٦ ھ/ مەكتەبی قورئان / كاك ئەحمەدی موفتی زادە

٣٩- گوڵچينی گولان / ١٣٨٦ ھ/ كتابخانەی ميللی ئيران / ئامادەكردنی بێهزاد مەولائی و لەتيفە رەحمان پەنا

٤٠- دیوانی مەولەوی / ١٣٨٩ ھ/ بڵاوکەرەوەی کوردستان/ ئامادەکردنی مەلا عەبدول کەریمی مودەریس
٤١- دیوانی گۆران /١٣٨٩ ھ/ کتابخانەی مللی ئیران/ عەبدوڵڵا گۆران
٤٢- هەژار بۆ کوردستان /١٣٩٣ ھ/پەخشانگای پایز / ئامادەکردنی ماجد مەردۆخ رۆحانی

## بەرهەمەکانی نوسەر :

١-ئەمەك و سۆز (شانۆگەری )   ساڵی ١٩٩١

٢- دڵۆپە بارانێك ( کۆمەڵە چیرۆك)   ساڵی ١٩٩٣

٣- بیری ئیسلامی لە نێوان ، دۆگمابوون و عەقلانی بووندا . ساڵی ١٩٩٨

٤- دەربارەی کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان .  ساڵی ٢٠٠٣

٥- زمانی ستانداردی کوردی  .  ساڵی ٢٠١١

٦- نۆڕی کوردەواری .  ساڵی ٢٠٢٢

٧- ڕاشەن ( کۆگوتارێکی ئەدەبی و فکرییە )   چاپ نەکراوە

٨- شێخ محەمەدی خاڵ ، ڕابەری ریفۆرمی ئاینی لە کوردستان. چاپ نەکراوە

٩- ئیسلامی سیاسی لە دیوی ناوەوە (بیرەوەری ٣٥ ساڵ کاری ئیسلامی )  چاپ نەکراوە